# ماکیاڤێللی و ماکیاڤێللیزم

سەرچاوە:
ماکیاولی و اندیشهء رنسانس
رامین جهانبگلو
چاپ دوم
تهران: نشر مرکز، ۱۳۷۲

ناوی کتێب: ماکیاڤیـللی و ماکیاڤیـللیزم
نووسنی: د. ڕامین جهانبگلو
وەرگێڕانی: نەوید مێهراوەر
بابەت: فەلسەفی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
هەڵەچنی: مهاباد ڕەحیم
تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
نرخ: ۱۰۰۰دینار
ژمارەی سپاردن:۱۳۷۸ ی ۲۰۰۸
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ۲۰۰۸
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

د. ڕامین جهانبگلو

# ماکیاڤێللی و ماکیاڤێللیزم

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

نەوید مێهراوەر

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٩٧ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێشەکی

لە مێژووی مرۆڤدا، سەردەمی رنێسانس، گرنگی چارەنوسسازی هەیە. پاش هەزار ساڵ دەسەڵاتی دۆگماتیزم، تاریک ئەندێشی و ئەنگیزاسیۆنی کلێسای کاتۆلیك، سەدەی ١٦ی زایینی لە رۆژاوا بزاڤی رنێسانس سەردەگرێ و لە چەندین بواردا شۆڕش و وەرچەرخان روودەدات.

١. لە بواری کۆسمۆلۆژی (گەردوونناسی)دا ساڵی (١٥٣٩) شۆڕشی کوپرنیك سەردەگرێ و کۆسمۆلۆژی بەتلەمیۆسی رەت دەکرێتەوە.

٢. لە بواری دینی و ئیپیستمۆلۆژی (مەعریفەناسی) دا ساڵی (١٥٢٠) شۆڕشی مارتین لوتێر سەردەگرێ و بە پێکهاتنی پرۆتستانتیزم دەسەڵاتی پاوانخوازانەی کلێسای کاتۆلیك رەت دەکرێتەوە.

٣. له بواری ئەندێشەی سیاسیدا ساڵی (١٥١٣) شۆڕشی ماکیاڤێللی سەردەگرێ و تیۆری و ئەندێشەی سیاسی مۆدێرن گەڵاڵە و ئاراستە دەکرێ.

هەروەك دوکتۆر رامین جهانبگلو لەم کتێبەدا پیشان دەدات، ماکیاڤێللی گەورەترین بیرمەند و تیۆریسازی ئەندێشەی سیاسی لە سەردەمی رێنسانس دایە و دەکرێ بە باوکی ئەندێشەی سیاسی مۆدێرن ناودێر بکرێت. لەم کتێبەدا دەبینین کە بەپێچەوانەی ئەو جۆرە کە لە فەرهەنگی سیاسیدا جێکەوتووە، ماکیاڤێللی کەسێکی ماکیاڤێللیست نیە. بەڵکو کەسێکی دەربەست و هیۆمانیستە کە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کۆماری گونجاو و ئەقڵانی تێدەکۆشی. بەڵام ئەی هۆی چییە کە ماکیاڤێللی بە تیۆریسازی بێئەخلاقی و ماکیاڤێللیزم ناوی دەرکردووە؟ وەك لەم کتێبەدا دەبینین ماکیاڤێللی لەئاست ئەخلاقی نزم و گۆشەگیر و دنیاپەرێزی مەسیحی دژایەتی دەکات. بۆئەوەی ئەم ئەخلاقە مرۆڤەکان بەرەو گۆشەگیری و دنیاپەرێزی دەبات، لە کاتێکدا ماکیاڤێللی لایەنگری بەشداری چالاکانەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیە لە

کاروباری سیاسی کۆمەڵایەتیدا، ئەمــەش خـاڵێکی هــەرە گرنگ، چونکە نزیکەی ٤٠٠ پێش ئەوەی کە نیچە کتێبــی تەبارناسی ئەخلاق بنووسێ و پەردە لەسەر ئــەخلاقی نــزم و سەرشــۆڕانەی مەســیحی هــەڵماڵێ، ماکیــاڤێللی ئــەم پێویستییەی هەست پێکردبوو.

ماکیاڤێللی لە کتێبی شالیار (میر)دا چەمك و بنــەما و پرنــسیپەکانی مــیر و سیاســەتمەدار دادەڕێــژی و دیــاری دەکات. لە کتێبــی وتارەکانیــشدا بنــەما و پرنــسیپەکانی شارۆمەند و هاوڵاتیان پێناسە و دیاری دەکات. لــە مــیردا لەسەر توانا، لێهاتوویی و زیرەکی میر و سەرکردە پێداگری دەکا و لــە کتێبــی وتارەکانــدا زۆر گرنگــی بــە وشــیاری، لێوەشاوەیی و ئەقڵانیەتی هاولاتیان و شارۆمەندان دەدات.

ماکیــاڤێللی دەســەڵاتداران و سیاســەتمەداران ئاگــادار دەکاتەوە کە دەبێ زۆر وشیار بن کە بە ڕێــز و حورمەتــەوە لەگــەڵ شــارۆمەندان هەڵــسوکەوت بکــەن و مــاف و ئازادییەکانیان بپارێزن. ئەو دەنووسێ: "بەهــەمان رادە کــە ئازادکردنی نەتەوەیەك کە دەیەوێ بە کۆیلەیەتی بــژی دژوار و مەترسیدارە، بەهەمان رادەش کۆیلە راگرتنی نەتەوەیــەك

که دەیەوێ بە ئازادی بژی، دژوار و مەترسیدارە."

هەروەها دەنووسێ: پێویستە دەسەڵاتداران ئەوە بزانن کە گەورەترین و بەنرخترین پاڵپشتی ئەوان، نە گرووپی ئاریستۆکرات و نە سوپای بەکرێگیراوە، بەڵکو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکە.

ئەم کتێبە کە کاک نەوید مێهرئاوەر وەریگێڕاوە، سەرەڕای ئەوەی کە نامیلکەیەکی کورتە، بەڵام ئێجگار بەنرخ و شیاوە و بە شرۆڤەی ورد و هەمەلایەنە و لۆژیکی تۆکمە و بەهێز نووسراوە. هیوادارم لە داهاتوودا زۆر بەرهەمی دیکە لە کاک نەوید بخوێنینەوە.

**هادی محەمەدی**

**زستانی ٢٠٠٨**

# ماکیاڤێللی و ماکیاڤێللیزم

سـاڵی ١٧٨٧، ٢٥٠ سـاڵ پـاش مـەرگی ماکیـاڤێللی، میری گەورەی توسـکانا - لـە تەنیـشت مـەزاری پیـاوانی بەناوبانگی وەك دانتـێ، گالیلـە و مایکـل ئـەنجیلۆ - بـۆ ڕێزگرتن لە ماکیاڤێللی بینایەکی سـازکرد. لـە سـەر ئـەم بینایە ئەم ڕستەیە بە لاتین نوسراوە:

**TANTO NOMINI NULLUM PAR ELOGIUM**

(هیچ وشەیەك شیاوی ستایشی خاوەنی ئەم ناوە نیە)

تێپەڕینی ٢٥٠ ساڵ پێویـست بـوو تـا ماکیـاڤێللی بـە ڕادەی زیرەکی و توانایی ڕێـزی لـێ بگیرێـت. ڕاسـتیەکەی ئەمەیە کە ماوەیەکی درێژ، ناوی ماکیـاڤێللی پیـشاندەری دەسەلاتی "خراپە" بـوو. ماکیـاڤێللی نوسـەرێکە کـە لـە سەردەمی ژیانیدا هەمیشە نەفرەتیان لێدەکرد، پاش مردنی ڕجینالد پول ئەسقەف کانتربوری - بەهۆی بوێرییەك کە لـە

نوسینی کتـێبی شـالیاردا پیـشانیدابوو- لەگـەڵ شـەیتان هەڵیدەسەنگاند. تەنانەت وا پێدەچێ کە لە کۆتایی سـەدەی شانزەهەمدا، یەسوعیانی باویر ویستبوویان کـە بـۆ رزگـار کردنی جیهان لە وەسوەسەی هزری ماکیاڤێللی، وێنەی ئـەو بسووتێنن. بەڵام ئایا بەڕاستی بەرهەمـەکانی ماکیـاڤێللی بۆ کەسانی دوای خۆی تا ئەم رادەیە جێگـای سـەرنج بـووە کـە پاشـایەك - وەك فریدریـشی پرۆسـی - ناچـار بێـت کتێبێك بەناوی "دژی ماکیاڤێللی" بنوسێت؟

لە کەس شاراوە نیە کـە بەرهەمـەکانی ماکیـاڤێللی بـۆ چەندین سەدە لە سەرانسەری جیهاندا گەنگەشەی گـەورەی وەرێخستووە. ئێستاش، هەر کە ناوی ئەو دێتە سەر زمـان، گەنگەشـەیەکی تونـد دەربـارەی دەرئـەنجامی ئـەخلاقی بەرهەمەکانی دێتە ئاراوە. بەڵام سەرەڕای هـەر بایـەخێکی ئەخلاقی کە ئەمرۆ بە نوسراوەکانی بـدرێت، تێپـەڕ بـوونی زەمەن رێزی ئەندێشەیەك کە لە وانەدا دەربڕاوە بە نـەگۆڕی ماوەتەوە. کـەوابوو خـەمێك نیـە ئەگـەر ماکیـاڤێللی بـە "ناپاك و تاوانبار" بژمێردرێت. بـە دڵنیایـەوە ئـەوەی کـە دەکرێ دەربارەی ئەو بیڵێین ئەمەیە کە بەرهەمـەکانی ئـەو

یەکێ لـە گـەورەترین بیناکـانی بـیری سیاسـییە، چـونکە ماکیاڤێللی لە یەکەمین کەسەکانە کە بناغەی بـیری نـوێی سیاسی دارشتووە. بابەتی ئەم بیرە ئەمەیە کە پرسی بناغـە دانـانی سیـستمی سیاسـی بـەپێی بنـەمای "دەسـەلاتی دەولـەت" دێنێتـە ئـاراوە و چوارچـێوەی پێویـست بـۆ فۆرمۆلبەندی پرسی سیاسەت - وەکـو هـەرێمی چەسـپانی دەسەلات - ئاراستە دەکات. بە وتەیەکی تر، بـە بۆچـوونی ئەو: بۆ " بناغەدانانی شەرعیەتی دەولەت"، بـەکارهێنانی دەسـەلات لـە لایـەن سیاسـەتڤانەوە پێویـستە. بـەمجۆرە ماکیاڤێللی وەلامێکی پراکتیکی بە "پرسـی بناغـەدانانی دەولەت" دەداتەوە. بەمپێیە، دەولەت وەك دەزگاو ناوەنـدی بەکارهێنانی دەسەلات، بەر لە هەر شتێك، هەرێمێکـە بـۆ تێکۆشـانی کەسـێك کـە دەسـەلاتی بـە دەسـتهێناوە و تێدەکۆشێ ئەو دەسەلاتە بپارێزێ. بە وتەیەکی تـر، بـە رای ماکیـاڤێللی، پرسـی سیاسـەت دەبێـت بـە پرسـێك بـۆ دامەزرانی سیـستمێك کـە کاروبـاری مرۆڤـی پـێ ئیـدارە بکرێت. بە سەرنجدان بەم شتانە، دەکرێ بلێین کە ئەندێشەی ماکیاڤێللی ئەم خالە روون دەکاتەوە کـە: سیاسـەتڤان، لـە

سیاسەت سەرترە و "تایبەت" لە "گشتی" لە پێشترە. بەمپێیە، بە بڕوای ماکیاڤێللی، سیاسەت دەبێ وەکو مەیدانێك بۆ هەڵسووڕانی سیاسەت داڕێژ بێتە ئەژمار، نەك هەرێمێك بۆ دانانی بناغەی "دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان" بە شێوەی عەقڵانی. ئەم دوالیزمە راستەقینەی نێوان "شالیاری پێکهێنەری دەوڵەت" و "دەوڵەتێك کە ئەو پێکیهێناوە"، لە وابەستەیی "دەسەڵاتی دەوڵەت" بە خودی شالیارەوە ئاشکرا دەبێت. کەوابوو دەکرێ بڵێین بە بۆچوونی ئەم نووسەرە، سیستمی سیاسی، بەرهەمی گەورە پیاوانێکە کە - بەپێی پێویستی- توانیویانە دەوڵەتیك پێکبێنن. ماکیاڤێللی لە نێوان گەورە پیاواندا کەسانێك وەك موسا، کورش، رومولوس و تسئوس ناودەبات. بەڵام دەڵێت "ئەگەر ئەمانە جەنگاوەر نەبونایە نەیاندەتوانی دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام رابگرن"[١]. چونکە سەرکەوتنی سیاسی هەر دامەزرێنەری دەوڵەتێك و هەر یاسا دانەرێك لە سەرکەوتنی سەربازی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

"بەمەهۆیەوەیە کە هەموو پێغەمبەران سەربازی سـەرکەوتو بوون و پێغەمبەرانی بێچەکیش ناکام بوون".٢

لەم رووەوە هەلومـەرجی هاوکێشی و بـەردەوامی هـەر سیاسەتێك لە شەڕدا فەراهەم ئـەبێت. کاتێـك کـە چـەکی فێڵێکی تر بـەکار نـەبرێت، سیاسـەتڤان دەبـێ بـە هێـزی راستەقینەی خۆی پـشت ئەسـتور بێـت. بـەلاّم نابێـت لـە بیرمان بچێت کە "بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی لاوازی گەیشتن بە قۆناغی دەسەلاّت و گەورەیی"٣، جاری وا هەیە کە لایەنی نادیاری فێڵ، لە لایەنی بەرچاوی زۆر و دەسەلاّت، بەکـەڵك ترە. پێویستی بەکاربردنی زۆر، کاتێك خۆی ئاشکرا دەکات کە پرسی پاراستنی هەلومەرجی سیاسی، زیاتر لە گـۆڕانی ئـەم هەلومەرجـە گـرنگ بێـت. کـەوابوو، بـە بـڕوای ماکیاڤێللی، شەڕ زەروورەت پەیدا دەکات. بەم پێیە، ئـەو، بە هیچ جۆرێك شەڕخواز نیە. خوێنـەر، لـە هـیچ کـام لـە نوسراوەکانی ئـەودا نیـشانەیەك لـە شـەڕخوازی نابینێـت. چـونکە ئـەو بـە دووپـات کردنـەوەی وتـەی "کلودیـوس پنتیوس" سەرداری رۆمی، پێی وایە کە "شـەڕەکان تـەنیا کاتێك دروستن کە پێویست بن"٤.

به ڕای ماکیاڤێللی، چەمکی "پێویستی"، وەك بنـەمای "پێویستی ڕێکخستنی دۆخـی سیاسـی"ـــە. بـەپێی ئـەم بنەمایەیە کە مرۆڤەکان کار دەکـەن، وادیـارە : "هـەرکات کە دەرفەتی هەڵبـژاردنی کەسـە شـیاوەکان کـەمتر بێـت، گرنگی و بەهای لێهاتووی تاکی زیاترە". ٥ کەوابوو بـەپێی ڕادەی زەختی پێویستییە کە هەڵسووڕانی مرۆڤ مانا پەیـدا دەکات. ئەگەر زەروورەتێك لە ئارادا نەبێت، مـرۆڤ نـاتوانێ لە جیهانی خۆیدا سیستمێك پێکبێنێت. هـەر بەمهۆیـەوە جـەنگیش لـە دەسـەڵاتی لەشـکان نـەهاتووی یاسـای پێویستی، بەدەر نیـە. بـەم هۆیەوەیـە کـە "لـە رابـردودا، فەرماندەکانی سوپا کە لە زەخـتی ئـەم زەروورەتـە وشـیار بـوون و دەیـانزانی کـە ئـەم هۆکـارە تـا چ ڕادەیـەك سەربازەکانیان بۆ شەڕ هەڵ دەخڕێنێت، لە هیچ کەرەسەیەك بۆ مل پێوەنانیان بەم زەروورەتە دریغیان نەدەکرد". ٦ بـەڵام ئەگەر هەر کارێـك بـە پـەیڕەوی لـە زەروورەت بـە ئـەنجام بگـات، ئیـدی هەڵسووڕانی مـرۆڤ چ دەورێکـی هەیـە؟ بێگۆمـان "زەروورەت زۆر کـات مـرۆڤ بـەرەو ئامانجێـك ڕێنۆێنی دەکات، لـە جێگایـەك کـە عـەقڵ ناتوانـێ ئـەم

ڕێگەیە تا کۆتایی بپێوێ"٧. دەتوانین پیاوانێـك بدۆزینــەوە کە بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی ئەم زەروورەتە بۆ گەیشتن بــە ئامــانج، هەڵــسووڕانی سیاســی ســەربازییان ئــەنجام داوە. ماکیــاڤێللی، خەســڵەتی بــەکارهێنانی زەروورەتــی بــۆ سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی بە "لێوەشاوەیی" (Virtu) ناودێر دەکـات. لـە ئەندێـشەی ماکیــاڤێللی دا، چــەمکی "لێوەشــاوەیی" لەگــەڵ چــەمکی "هێــز"، "زیرەکــی" و "بوێری" هاومانایە. وشەی "توانــایی" زیــاتر پیــشاندەری خەســڵەتی زاتــی مرۆڤــە نــە خەســڵەتی ئــەخلاقی ئــەو. ماکیــاڤێللی ئــەم دەســتەواژەیە دەربــارەی "لێوەشــاوەیی پیــاوانی گــەورەی ســەرکەوتوو" یــان لەمــەڕ"داگیرکردنــی هەرێمی پاشایەك، بە کەڵك وەرگرتن لە لێوەشاوەیی" بەکار دەبات. کەوابوو لە بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی دا، چــەمکی "لێوەشاوەیی" بە مانای توانای بــەکارهێنانی هەلومەرجــە بۆ گەیشتن بە مەبەست. بەڵام ئــەو لــە بەرانبــەر چــەمکی "لێوەشــاوەیی" دا چــەمکی "بــەخت" (Fortuna) یــش بەکار دێنێت. لە روانگەی ماکیــاڤێللی دا "لێوەشــاوەیی" بریتیە لە توانایی جەستەیی و هــزری مــرۆڤ - و "بــەخت"

پیشاندەری هێزی ڕێکەوتە کە تاکی "توانا" دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵکی لێوەرگرێت. بە وتەیەکی تر: "بەخت" لەو شوێنەدا هێزی خۆی پیشان دەدات کە هیچ هەوڵێکیان بۆ وەستان لە ئاست ئەودا نەکردبێت، بۆیە تووڕەیی خۆی پەرەپێدەدات چونکە هیچ لەمپەر و ئاستەنگێکیان لە بەرانبەری دانەناوە".٨

دەبێ لە پەیوەندی دیالکتێکی "لێوەشاوەیی" و "بەخت" دا سەرچاوەی دەسەڵات بدۆزیتەوە، ماکیاڤێللی بە لێکدانەوەی سەرچاوەی دەسەڵات فێرمان دەکات کە دەربارەی لۆژیکی کۆمەڵایەتی و دەورێك کە سیاسەت لە هەرێمی ئەم لۆژیکەدا دەیگێڕێت، بیربکەینەوە. بە وتەیەکی تر، ماکیاڤێللی ئەم فکرە بنەماییە بۆ ئێمە روون دەکاتەوە کە سیاسەت لەو کارانەدا کە تاکێك لە بەرانبەر تاکەکانی تر، بۆ پێکهێنانی پەیوەندی دەسەڵات و قەبڵاندنی دەسەڵاتی خۆی بەوان،دەردەکەوێت. بەم واتایە، ژیانی سیاسی، بە سەرهەڵدانی خاڵی هاوسەنگی لە نێوان سیاسەتڤان و خەڵکدا گەشە دەکات. دەبێ ئەم خاڵی هاوسەنگیە، لە ڕێگەی ئەزموونەوە، لە کاتی خولقاندنی

کەشی پێویست بۆ چەسپاندنی دەسەڵات (واتا حوکمڕانی)دا بدۆزینەوە. بەمپێیە، دەبێ هونەری سیاسەت وەکو "هونەری حوکمڕانی" پێناسە بکەین.

ماکیاڤێللی، لەهەمان کاتدا، دوو جۆر حکومەت لێکدەداتەوە: حکومەتی شالیاری، (لەڕاستیدا ناوی کتێبە بەناوبانگەکەی "دەربارەی حکومەتی شالیاری" **De Princiatibus** بووە و لە پاش مەرگی کراوەتە "شالیار" **Prince**)، و حکومەتی کۆماری. سەبارەت بە حکومەتی جۆری دووهەم، ماکیاڤێللی کۆماری ڕۆمی وەك نموونە هێناوەتەوە. کتێبەکەی تریشی بە "چەن وتارێك دەربارەی یەکەمین دەیانەی تیتوس لیویوس" ناونراوە. مێژوو کتێبی شالیاری وەك شاکارێك هەڵبژاردووە و کتێبی وتارەکانی فەرامۆش کردووە. ئەم بژاردنە بۆتە هۆی خراپ تێگەشتنێکی زۆر کە هەم زەبری لە بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی داوە و هەم لە کەسێتی ئەو. هەر بەمهۆیە زۆر داوەری نادروست لەمەڕ ئەو کراوە و ئەویان وەك بیرمەندێك کە تەنیا بیر لە سەڵتەنەت دەکاتەوە، ناساندووە. لە کاتێکدا هەموو ئەو لێکدانەوانەی کە ئەو دەربارەی

"فاکتی سیاسەت" کردوویە، بەپێی حکومەتی کۆماری کراون. دانانی ماکیاڤێللی لە ریزی کۆماری خوازاندا، هێشتا زۆر کەس دەشڵەژێنێ ولانی کەم تووشی سەرسوڕمانیان دەکات. بەلاّم دوان سەبارەت بە کۆماریخوازی ماکیاڤێللی و ویستی زۆری ئەو بە ئازادی، هاندەرێکە تا سەبارەت بە دەوڵەمەندی بەرهەمەکانی باس و دیالۆگی زیاتر بکرێت. هەر ئەم هاندرە ئەو هەلەمان بۆ دەرەخسێنی تا کەسێتی ماکیاڤێللی لەو نوسراوانە کە سەبارەت بەو نوسراون، جیابکەینەوە. پێشتر ژان ژاك رۆسۆ و سپینوزا لەم شێوازە پێڕەویان کردبوو و هەر دوو هەوڵیان دابوو تا سیمای راستەقینەی بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی دەربخەن. "رۆسۆ" لە بەشی شەشەمی کتێبی پەیمانی کۆمەلاّیەتیدا بە هێنانی رستەیەکی بەناوبانگ بە رۆشنی دەڵێ کە: "شالیاری ماکیاڤێللی، کتێبی کۆماریخوازانە"٩. ئەم رستەیە دەریدەخات کە رۆسۆ تێکۆشاوە تا بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی لە روانگەیەکی نوێوە بخوێنێتەوە. سپینوزاش کارێکی لەم چەشنەی کردووە و لە بەشی حەوتی فەسڵی پێنجی کتێبی بەناوبانگی

نامیلکەیەك دەربارەی سیاسەتدا پێشنیار دەکات کە بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی سەرلەنوێ شرۆڤە بکرێن.

سپینوزا دەڵێ: "رەنگە ماکیاڤێللی ویستبێتی پیشانی بدات کە خەڵك دەبێ لە سپاردنی چارەنووس و رزگاری خۆیان بە دەستی تاکێك بەتەواوی خۆببوێرن. چونکە ئەگەر ئەو کەسە لەم خەیاڵە خاوەدا نەبێت کە دەتوانێ دڵی هەمووان بەدەست بێنێت، ناچارە هەمیشە خۆی لە مەترسی دوور راگرێت و ناچارە کە هەردەم وشیار بێت و بەتایبەت لە بیری گیانی خۆیدا بێت، بەپێچەوانە ئەو کەسە دەبێ هەردەم لەسەر رێگەی خەڵك دابنێت و نیگەرانی ئەوان بێت. من دەبێ ئەم داوەرییە لەمەڕ ئەم نووسەرە بلیمەتە قبووڵ بکەم کە بە ڕای هەمووان ئەو بەردەوام لایەنگری ئازادی بووە و لەمەڕ ئەوەی کە چۆن پارێزگاری لە ئازادی بکرێت، را و بۆچوونی شیاوی دەربڕیوە".١٠

کەوابوو دەبێ بڵێین کە زەوق و رۆشنبینی هیچکام لەو دوو نووسەرە نەیتوانیوە ماکیاڤێللی لەم تۆمەتە کە پیاوێکی "فێڵباز و حسابگەر" بووە، بشواتەوە. چونکە زۆربەی خەڵك تەنانەت پێش خوێندنەوەی بەرهەمەکانی

ماکیاڤێللی، داوەری دەکەن و، ئەفسانەی ماکیاڤێللیزم لە سنوری بەرهەم و کەسێتی ئەو ئێجگار سەرتر چووە و بەکارهێنانی وشەی "ماکیاڤێللیست" لە هەموو سەردەمەکاندا زیاتر لە بەرهەمەکانی پەرەی سەندووە. بە رای تاکەکان "ماکیاڤێللیزم" بە مانای تێکڕای بیروڕاو ئەندێشەی ماکیاڤێللی نیە. ماکیاڤێللی قەت بەو واتایە کە ئێستا باوە "ماکیاڤێللیست" نەبووە، چونکە "ماکیاڤێللیزم یانی: پێوەنددانی بێ پرنسیپی ئەخلاقی لەگەڵ سیاسەت"١١. ئەمە لە کاتێك دایە کە ماکیاڤێللی بەردەوام ئەخلاقی مرۆڤەکان (چ شا و چ وەرزێر)ی لێکدەداوە و هەردەم ئاکار و کرداری کۆمەڵایەتی ئەوانی شیدەکردەوە. جگە لەمەش، ئەگەر لای ماکیاڤێللی سیاسەت وێنەیەکی نائەخلاقی هەیە، بەمهۆیەوەیە کە سیاسەت ناوەڕۆك و گەوهەرێکی ناپیرۆزی هەیە. لە ڕاستیدا ماکیاڤێللی بەپێی بۆچوونێك کە لە سیاسەت هەیەتی، بۆ فەراهەم کردنی هەلومەرجی بەهێزکردنی دەوڵەت، هەموو کارێك بە رەوا دەزانێ و بەمهۆیە سیاسەت لە هەر جۆرە پیرۆزیەك دادەماڵێت. بە وتەیەکیتر

ماکیــاڤێللی، بــە لابردنــی هــەر جــۆرە باوەڕێــك کــە بــەکارهێنانی دەســەڵات لاواز بکــات، سیاســەت بــەپێی ئەخلاقی قازانج گەرایی سەرلەنوێ دادەڕێژێت. کەوابوو ئــەو بە رزگارکردنی خۆی لــە دەمــارگرژی رابــردوو پرســیارێکی سیاسی تازە لەسەر بنــەمای روانگەیــەکی ئــەخلاقی نــوێتر ئاڕاستەدەکات. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێت کە بە لابردنی هــەموو دەمــارگرژی خــۆی مێــژوو لانابــات، چــونکە بــە لێکدانــەوەی مێــژو، وەڵامێــك بــۆ پرســیارەکەی خــۆی دەدۆزێتــەوە. ئــەو دەزانــێ کــە خــەڵك نــاگۆڕێن، چــونکە هەمیشە تەبیعەتیان یەك شتە. ئەوان وەك خەڵکانێکن کــە لــە بیــست ســەدە پێــشدا دەژیــان ئەوانــە پــیس، ناحــەز، لەخۆبایی و دووڕوون. ماکیاڤێللی لەم راستیەوە بەم ئاکامــە دەگات کە لە سیاسەت دا دەبــێ "رێــوی بیــت و تەڵــەکان بناســیت و شــێر بیــت گورگــەکان بترســێنیت"١٢. بەکارهێنانی ئاوەڵناوی "ماکیاڤێللی ئاسا" لەمــەڕ خــودی ماکیاڤێللی بە هۆی ئــەم بریــارە بــووە. بــەڵام ماکیــاڤێللی خۆی لە ماکیاڤێللیزم دوور رادەگرێت، چــونکە بــە هــەمان رادە کــە بەرهەمــەکانی ئــەو لــە"ماکیــاڤێللیزم" دوورن،

خۆیشی لە "ماکیاڤێللی ئاسا بوون" بەدوورە.

کەوابوو دەبێ بزانین ماکیاڤێللیی ڕاستەقینە کێیە؟ ئایا ئەو، بەهەمان شێوە کە رۆسۆ و سپینوزا گوتویانە، "کۆماریخواز و لایەنگری ئازادی"یە؟ یان بەو شێوەیە کە لە سەدان ساڵ پێشەوە بۆتە باو، ئەو "بیرمەندێکی رەشبین و سارد"ـە کە لەمەڕ حکومەتی سەڵتەنەتی دواوە؟ ئایا ناکرێ سەبارەت بە ماکیاڤێللی هەمان رستە کە فەیلەسوفی فەرانسی "ئالن" سەبارەت بە دکارت دەیڵێت دووپات بکەینەوە بڵێین: "ماکیاڤێللی راستەقینە هەر خودی ماکیاڤێللییە"؟

بەهەر حاڵ دەبێ بڵێین کە ماکیاڤێللیی راستەقینە تاکێکی نوێیە. ئەو ئەو کەسەیە کە ئێستاش ئێمە لە ئەزموونی خۆی لە هەرێمی سیاسەت و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی خەڵك دا بەهرەمەند دەکات. بەتایبەت ئەوە کە ئەزموون و دەرئەنجامی لێکدانەوەی سروشتی خەڵك، بەخێرایی کۆنە نابێت. هەربەمهۆیە کەس ناتوانێت حاشا لە "نوێبوونی"ئەندێشەی ماکیاڤێللی بکات، تا کاتێ کە سیاسەت یەکەمین بابەتی بیرکردنەوەی خەڵك بێت، ناوی ئەو لە پەرسگەی مێژوودا دەمێنێتەوە.

# سیاسەت لە سەردەمی ڕێنیسانس دا

تا هەنووکە مێژووی مرۆڤ بێجگە لە مێژووی تێکۆشانی مرۆڤ بۆ ناسینی خۆی و جیهانی خۆی شتێکیتر نەبووە. لە نێوان ئەو سەردەمانەدا کە دەرفەتی گەشە و پێشکەوتن و ناسینی مرۆڤ و دنیایان هەموار کردووە، سەردەمی ڕێنیسانس جێگایەکی شازی هەیە.

ئەمڕۆش هەرجارە کە ئێمە لاپەڕەی ئەم ڕووداوە هزریە هەڵدەدەینەوە، خۆمان لە بەرانبەر شارستانیەتیەك دەبینین کە بە وتەی هیگڵ "بۆ یەکەمجار مزگێنی گەڕانەوەی ڕۆژە خۆشەکانی پاش زریانی دوور و درێژ دەدات"١٣. لەڕاستیدا وشکبوونی سەرچاوەی هێزی خەیاڵی سەدەکانی ناوەڕاست بووە هۆی ئەوەی کە لە بەرانبەر ڕۆحی تینووی گەڕانی مرۆڤدا دەرگایەکی نوێ بکرێتەوە. ئیرادەی

دۆزینەوەی سنوورە نوێیەکان -نە تەنیا لە دنیای زانست وهونەر دا بەڵکو لە دنیای جوغرافیاشدا بووە هۆی ئەوە کە وێنەیەکی نویٚ لە مرۆڤ، لە گۆی زەوی و لە گەردوون پێک بێت. کەوابوو دەتوانین لەگەڵ ئەلکساندەر کویرە هاودەنگ بین و بڵێین کە مرۆڤ لە جیهانی بچووک و داخراوی سەدەکانی ناوەڕاست دەرباز دەبیٚ و دێتە جیهانی بیٚپایانی ڕێنیسانسەوە.

لە ساڵی ١٥٤٣ دا نیکۆلائوس کوپەرنیکوس بە بلاۆکردنەوەی کتێبێک بە ناوی گەڕانی گۆی ئاسمانییەکان (De Revolutionibus Orbium Coelestium) ڕای خۆی سەبارەت بە گەردوون دەردەبڕی و کۆتایی بە سەردەمی بوونناسی(ئەنتۆلۆژی) ئەرستۆیی دێنێت. بەڵام لەڕاستیدا دابڕانی مەعریفەناسی لە سیستمی فکری ئەرەستۆییدا، دوای ئەزموونەکانی گالیلە و بلاوبوونەوەی بیروڕای ئەو پێکدێت. سەرەڕای ئەمەش دەبیٚ لە بیرمان بێت کە لە مەودای نێوان کوپرنیک و گالیلەدا، زۆر فەیلەسوف و زانستڤان و هونەرمەندی تر مەشخەڵی ڕێنیسانسیان هەڵکردووە و تەنانەت کەسانێك وەك

جیوردانۆ برِونو (که ١٦فیڤێریەی١٦٠٠ی زایـنی بـەهۆی ڕەتکردنەوەی تیۆری ئەرەستۆ سەبارەت بە جیاوازی جیهانی "باڵا" و جیهانی "نـزم" و جـەختکردن لەسـەر بێکۆتـایی بوونی جیهان، لە شاری ڕۆم سوتێنرا)، گیانیان لە پێناو بـیر و باوەڕی خۆیان بەختکرد. بەڵام ئایا مەرگی برونـو لـەنێوان بڵێسەی ئەو ئاگرەدا کە ڕژێمی پاپ بۆ سوتاندنی هـەڵیکرد تەنیا بەهۆی جیهانبینی نوێی ئەو بوو؟ یان ئـەو جـۆرە کـە ئێرنێست کاسیرێر دەڵێ، هۆی کوشتنی ئـەوە بـوو کـە بـە لەناوچوونی ئەو"ئامانجی سەربەخۆیی تاك و ئیرادە" - کـە دڵ و گیـانی هـەموو مرۆڤایـەتی سـەردەمی ڕێنیسانـسی روناك دەکرد- توورِ بدرێت؟

لە نێوان ئەم جۆرە کەسانە لە سـەردەمی ڕێنیـسانس دا، ماکیاڤێللی دەبینین کە پێی وایە "ئامـانجی سـەربەخۆیی و تاکی و ئیرادە" لە پێوەندی نوێ لە نێوان مرۆڤ و دەسەلاتدا دەردەکەوێت. ئەم پێوەندییە نوێیە، لە پێکهاتنی وێنەیەکی نوێ لە سیاسەت (واتا سیاسەت وەك چەسپاندنی نـاپیرۆزی دەسەڵات) سەرچاوە دەگرێ. بە وتەیەکی تر، لە سـەردەمی ماکیاڤێللی بەملاوەیە کە پرسـی "دەسـەڵاتی سیاسـی لـە

خۆیـدا" گەلاڵـە دەبێـت، بـێ ئـەوەی کـە پێوسـتی بـە دەستێوەردانی دەسـەڵاتێکی تـر وەك دەزگـای پـاپ - بـۆ ئەرێکردنی دەسەڵاتی سیاسـی و داکـۆکی لـەو- پێویـست بێت. لەو کاتە بەملاوە ئێمە دیمان کە سیاسەت لـە پرسـی پـیرۆز جیـا دەبێتـەوە. بـەمجۆرە، سیاسـەت، دیـسانەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ مرۆڤـەکان و سیـستمی دەسـەڵاتی مەسـیحیەت پاشەکـشەی پـێ دەکرێـت. ئـەم ئـاڵوگۆڕە دەروونی و گەوهەرییەی سیاسەت بەمجۆرە دەردەکـەوێت کـە سیاسـەتڤان کارەکـانی خـۆی تـەنیا لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئامـانجێکی تایبەتـدا راڤـەدەکات، ئامانجێـك کـە بـەپێی نێوەرۆکی سیاسەت نە هەقیقەتێکی بـاڵا دیـاری دەکرێـت. یـانی ئێمـە "لـەدایکبوونی دووبـارەی(**Re-naissance**) سیاسەت" لە هزری ماکیاڤێللی دا دەبینین، ئەندێشەی ئـەو لەسـەر پێویـستی سـەربەخۆیی و خودموختـاری تـاك راوەستاوە نە لە پێوەندی لەگەڵ هێزێکی بەدەر لـە ئـیرادەی ئەو. ماکیاڤێللی پێویـستی سـەربەخۆیی و خودموختـاری تـاکی لـە پرسـیارێکدا سـەبارەت بـە بنـەمای سیاسـەت دەردەبڕێت. بەڵام پرسی بنەمای سیاسـەت، لەگـەڵ پرسـی

ئەندێــشەی سیاســیی پێوەنــد دراوە. کــەوابوو، پێوەنــدی سیاسەت لەگەڵ ئەندێشە، وەك پێوەندی نێوان "سیاسەت و ئەندێــشە " و "ئەندێــشەی سیاســی" دەردەکــەوێت. بــە وتەیەکی تر، دەبێ سنوری سیاســەت وەك بەرهــەمی زادەی ئەندێشەی سیاسی دیــاری بکرێــت. بــەڵام هــەموو دژواری لەمە دایە کــە هەلومــەرجی ســەرهەڵدان و گەشــەی ئــاوا ئەندێــشەیەك روون بکەینــەوە. کــەوابوو دەبــێ بڵــێین کــە نێوەرۆکی ئەم ئەندێــشە، لــە ســنوری تێگەشــتنی ســادەی ئــەزموونی سیاســی ســەرتر دەچــێ. کەچــی دەکــرێ لــەم ئەزموونە سیاسیانەدا ئەو بنەما و لۆژیکە دیاری بکەین کە ئەندێشە سیاسی هەر سەردەمێك دەخولقێنن.

لــە ســەردەمی رنێــسانس دا، ئــەم لۆژیکــە وەك بــەردی بناغەی شۆڕشــێکی راســتەقینە لــە بنــەماکانی ئەندێــشە سیاسیدا دەردەکەوێ، شۆڕشێك کــە دوو بۆچــوونی سیاســی جیاواز لێك جیادەکاتەوە: لەلایەکەوە بۆچــوونی ســەدەکانی ناوەڕاست - کە بنەمای ئەو لە یەکێتی دین و سیاســەتدایە - یانی بۆچوونێکی مەزهــەبی لەمــەڕ دەســەڵاتی سیاســی لەسەر بنەمای یەکێتی ئەمپراتۆری رۆم و کلێسا. لەلایەکی

ترەوە، رۆحی رنێسانس - کە لـە شکـستی هـزری چـاخی ناوەڕاستی پێکهێنانی "ئەمپراتۆری مەسـیحی" سەرچـاوە دەگریٚ و دەبێـتە هـۆی ئـەوە کـە بناغـەی پێکهاتەیـەکی کۆمەڵایەتی تـازە لەسـەر بنـەمای حـوکمڕانی پێکبێـت و ڕێگەی مۆدێرنی سیاسی روون بکاتـەوە. بـەمجۆرە پرۆسـەی گۆڕان و گەشەی بـیری سیاسـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـۆ هزری گەشەی دەوڵەتی نـویٚ لـە سـەردەمی رنێـسانس دا، پیشاندەری دوو بۆچوون لە ئاست پرسی دەسەڵات دایە. لـە سەردەمی رێنیـسانس دا، هـزری "کـامڵبوونی دەسـەڵاتی لایـەك" لـەجیاتی "دەسـەڵاتی دابەشـکراو و حـوکمڕانی ناتەواو" جێگیر دەبێت. بـە وتەیـەکی تـر، دەسـەڵاتی زاڵ تەنیا بە خۆی پشت ئەستوورە، لە کاتێکدا لـە کۆمەڵگـەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەمپراتۆر ناچارە دەربارەی کارەکانی لە بەرانبەر دەزگای پـاپ وەڵامـدەرەوە بێـت. لـە بناغـەدا وێنەی تازەی دەسەڵات لە سەردەمی رنێسانس دا، لەسـەر بنەمای چەمکی چاخی نێوەراستی "مرۆڤ" راوەستاوە. لـە سەدەکانی ناوەڕاسـت دا، مـرۆڤ، وەك بوونـەوەرێك دەهاتـە ئەژمار، کە دەبوو تاقە ئامـانجی رزگـاری خـۆی بێـت. لـە

حاڵێکدا لە سەردەی ڕێنیسانسدا پتر لە هەر شتێك گرنگی بە داهێنەری توانای مرۆڤ دەدرێت. لە ڕوانگەی بیرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانس دا، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە. مرۆڤی سەردەمی ڕێنیسانس بیر لە ژیانێکی تر بێجگە لەم دنیایە ناکاتەوە و گرنگی بە گەوهەر و نێوەرۆکی مێژووی - کۆمەڵایەتی خۆی دەدات. بەمپێیە، یەکەم ئەندێشەی ئەمەیە کە وەك هوکاری مێژوو، خودموختاری و سەربەخۆیی بەدەست بێنێت. ئەم گەڕاندنەوەی پرستیژە بۆ مرۆڤ و کردنی ئەو بە هۆکاری مێژوو، بەرهەمی ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆتی کۆیلەیەتی جیهانبینی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار دەبێت. ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ڕوانینە دەربارەی مرۆڤ لە بەرهەمە هونەرییەکانی سەردمی ڕێنیسانس دا بەدیدەکرێت. لە هونەری ئەم سەردەمەدا هەوڵدان بۆ پیشاندانی جوانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە مرۆڤ دەبینرێت. لەم سەردەمەدا جوانی بەر لە هەر شتێك، واتا جوانی مرۆڤ و ئامانجی هونەر بریتیە لە شهوود و پیشاندانی جوانیەکانی جەستەی مرۆڤ. بەمهۆیە لە بەرهەمی هونەری سەردەمی ڕێنیسانس دا ورەی مرۆڤگەرایی (هیومانیستی) ئەوەندە

زیندوو بەهێزە کە هێمای ئەو لە زۆربەی ئەو شاکارانەدا کـە مێعمـاران، پەیکەرتاشـەکان و نیگارکێـشان خولقاندویانـە بەڕۆشـنی دەبینرێـت. مرۆڤـی سـەردەمی ڕێنیـسانس لـە هەمان کاتدا کـە هەلومـەرجی خـۆی لـە جیهانـدا ڕۆشـن دەکاتەوە، بەرهەمی هونـەری خۆشـی دەخولقێنـێ. دەبـێ ئەوەش بڵێین کـە ئـەو هێـز و گەورەییـە مەعنەوییـە کـە میکلئانژ و دوناتێلو بە پەیکـەرەکانی خۆیـان دەیبەخـشن، دەرەنجامی تێگەیـشتنێکی نوێیـە کـە ئـەم دووانـە ـوەك هاوچەرخەکانی خۆیان - لەمـەڕ چـەمکی جـوانی و پلـە و پێگەی ئەو لە ژیانی خۆیاندا هەیانە. لەڕاستیدا جوانیناسی سەردەمی ڕێنیسانس بە دۆڕانـدنی دەور و نەخـشی چـاخی ناوەڕاسـتی خـۆی لـە ئاسـت ئـەخلاقی کلێـسایی - کـە بەرزترین جیلوەی هونـەری تـەنیا لـە ڕواڵەتـدا دەبـینێ - ئازادی و ئیرادەیەکی نوێ بە هونەر دەبەخشێ. بەمـشێوەیە هونەر لە پلە و پێگـەی "کەرەسـە" دەردێـت و ڕەهەنـدی "ئامانج" پەیدا دەکات. بـەڵام هونەرمەنـدانی سـەردەمی ڕێنیسانس، سەرەڕای ئەوەی کە لە کەش و هەوای قـورس و بەڵام پیرۆزی هونەری سەردەمی گووتیـك ڕوگـار بووبـوون،

هێشتا دەیانزانی کە لە جوانی ئێسک سـووکی سـەردەمی ئەواندا، دنیاپـەرێزی دەبینـرێ. بەمپێیـە هونەرمەنـدێکی گەورەی وەك رافائێل:" گەوهەری جوانی لـە پارسـایی و دنیاپـەرێزی"دا دەبـینێ". ریـالیزمێکی عـاتفی و رۆح و گیانێك کە وێنەکێشانی سەردەمی رێنیسانس بە کەسـێتی نێو تەوراتی دەبەخشن، دیمەنێکی نوێ لە بەرانبەر بینـەرانی مەزهەبی ئـەو سـەردەمەدا دەکەنـەوە. دەتـوانین باشـترین نموونەی ئەم دیمەنانە لە دوو تابلۆی قامچی لێدانی مەسـیح بەرهەمی پـیترو دولافرانچـسکا و گیانگەنـشت لـە بـاخی زەیتـون بەرهـەمی جیـووانی بلـینی دا ببیـنین. ئـەم دوو تابلۆیە، ئەم وتەیەی لیۆناردۆ داڤینچی زیندوو دەکاتەوە کـە "تابلۆ، بە شیعری دیداری" ناودەبات. رێنیسانس جەستەی مرۆڤی وەك دەرکەوتنی شهوودی شیعر دەدیـت. گرنگیـدان بە جەستەی مرۆڤ لە سەردەمی رێنیسانس دا، دەرئـەنجامی بایەخنەدانی سەدەکانی ناوەڕاست بـەم پرسـە بـوو. تـابلۆی خەوی ڤینـوس بەرهـەمی تـی سـی یـن وپەیکـەری داوود بەرهەمی میکلئانژ، هەر دوویان پیشاندەری ئەو بەهایانـەن کە لە سەردەمی رێنیسانس دا بە جەستەی مرۆڤ دراوە. لەم

سەردەمە دایە کە هاوئاهەنگی و گەشەی جەستەی مرۆڤ لە بەرهەم و شاکارە هونەریەکانـدا دەبینرێـت. کـەوابوو بـیری گەڕانەوە بۆ سەردەمی کـۆنی یۆنـان و ڕۆمـیش هـەر لـەم ویستەوە سەرچـاوە دەگرێـت، چـونکە بەرهـەمی هونـەری بەجێماو لەم سەردەمە، وەك نموونەی راستەقینەی تـەبایی و گەشە دێتە ئەژمار. لەڕاستیدا، سەردەمی کەنارای یۆنـان و ڕۆم دەبێتە بناغەی هێما و تەجەلی رۆحی رنێـسانس. ئـەم گەڕانەوە بۆ دواوە، پیـشاندەری هـەوڵ و تێکۆشـانێکە کـە داهێنەران بۆ رزگاری لـە کـۆت بەنـدی چـاخی ناوەڕاسـت ئەنجامی دەدەن. بەمپێیـە رێنیـسانس وەك لـە دایکبـوونی دوبارەی سەردەمی کۆن، لە ئامێزی سەردەمی نوێـدا، وەك دەرکەوتنی ڕابردوو لـە ئێـستادا، دەردەکەوێـت. دەتـوانین هزری بناغەدانانی نوێ لەسەر بنـەمای کـۆن لـە پرۆسـەی گەشەی چـەمکی "بـەردەوامی"دا بدۆزینـەوە. هـەر بـەم هۆیەوەیە کە ئەم چەمکە وەك تـەوەری ناوەنـدی بۆچـوونی زاڵ دەردەکـەوێت. لەڕاسـتیدا گـۆڕینی مـۆدێلی کـۆن بـۆ نەزمی نوێ تەنیا بەهۆی "گەشەی دوبارەی رابردوو لەسـەر بنەمای ئێستا" بەدیـدێت. بەمهۆیـەوە، بـۆ دروسـتکردنی

"داهاتوو" دەبێ "ئێستا" دەرك بكەین و لە دیدگای ئەوەوە بۆ رابردوو بڕوانین. بە وتەیەكی تـر "رابـردوو" بێجگـە لـە "رەهەندێك لە ئێستا" شتێكیتر نیە. "ئێستا" بریتیـە لـە ئەوەی كە "ئێستا لە ئارادایە" كەچی "رابردوو"دۆخێكە كە پێكهاتووە و گۆڕاوە". كەوابوو دەتوانین چەمكی "دابـڕان" بە تایبەتمەندی سەردەمی ڕێنیسانس بزانین. ئەم "دابڕانـە"، جیهانی ڕێنیسانس لە جیهانی پـێش خـۆی جیادەكاتـەوە، چونكە بەدیهاتنی هـەر جیهانێـك، پێویـستی بـە كۆتـایی هاتنی دنیای پێشوو هەیە. خەسڵەتی جیهـانی ڕێنیـسانس ئەمەیە كـە جیهـانی سـەدەكانی ناوەڕاسـت، بـە هـەموو نەریتەكانیەوە، تـووڕ دەدات. بـەڵام هـەروەك گوتمـان ئـەم "تازەیە" رەهەندێكی تریشی هەیە كە بریتیە لە ئەندێشەی دووبارەی بـەهاكانی نـەریتی یۆنـانی - رۆمـی واوەتـر لـە دەسكەوتەكانی چاخی ناوەڕاست. هـەر بەمهۆیـەوە دەكـرێ بڵێین كە بابەتی سەرەكی ئەندێشە ڕێنیسانس بە دوو ئـەرك دەربـارەی رابـردوو شـكڵ دەگرێـت. یەكـەم، تـووڕدانی جیهانبینی سەدەكانی ناوەڕاست، دوهەم: بریتیە لە هەبوونی شوور و شەیدایەكی مەزن لەئاست جیهانی كۆن و، پەیڕەوی

کردن لەو وەك "ئەرکێکی سەرەکی و بنــەڕەتی". دەتــوانین بەکارهێنانی ئــەم بنەمایــە لــە هــەموو ئاســتە هونــەری و هزریەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دا ببینین. با لە بیرمان بێت کە "لورنتسود مدیچی لــە فلــورانس دا، هــەموو ســاڵێك، ڕۆژی لە دایکبوونی ئەفلاتوونی دەکــردە جێــژن، دانتــێ بــۆ پیــشاندانی دۆزەخ، ویرژیلــی وەك شــارەزا هەڵبــژارد بــوو، ئەراسموس، سیسرۆی بە کەسێکی پاك و پیرۆز دەزانی".١٤ ویستی ڕنێسانس بەرەو جیهانی کۆن، بە فڕێدانی ئەندێــشە سەدەکانی ناوەڕاست، بەهێزتر دەبێت. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە ڕێنیسانس جیهانی کۆنی پەرســتیش کــرد تــا بــە هــەر جۆرێك بووە خۆی لە زنجیرەکــانی چــاخی ناوەڕاســت ڕزگــار بکات.

بەپێی ئەوەی کە گوترا، بەو ئاکامە دەگەین کە ڕنێسانس خاونی دوو خەسڵەتی جیاوازە کە پێکەوە ناکۆکییان نیە. لە سەردەمی ڕێنیسانس دا هەم ئــیرادە و مــەیل بــە درێــژەی نەریتی ســەردەمی کــۆن و، لابردنــی ڕەهەنــدە سیاســی — فەرهەنگییەکانی "نەریتی ئەگوســتین گــەرایی" لــە بــواری ئەندێشەدا دەبینرێت، ڕەنگە بتوانین بڵــێین کــە ئەندێــشەی

خـەڵکی سـەردەمی ڕێنیـسانس بەشـێوەی کـۆی ئـەم دوو خەسڵەتە دەردەکـەوێت. کـەوابوو دەتـوانین بڵـێین کـە لـەم سەردەمەدا "بەردەوامی دابڕان" لەئارادایە نـەك "پـچڕانی بەردەوامی". چونکە بە پچڕانی هەوداکانی پەیوەندی لەگەڵ شێوەی ئەندێشە سەدەکانی ناوەڕاسـت دایـە کـە بەسـتێنی پێویست بۆ پێکهاتنی "درێژەدان بە هزر و نەریتی سەردەمی کۆن" فەراهەم دەبێت. بە وتەیەکی تر، دەبـێ هەلومـەرجی پێویست بۆ هزری "بـەردەوامی" لـە سـەرهەڵدانی هـزری "دابڕان"دا ببینینەوە. بەمپێیە، گەڕانەوەی ڕێنیـسانس بـۆ رابـردوو، دەرئـەنجامی دابـڕان لـە رابردوویـەکی تـر (واتـا سەدەکانی ناوەڕاست)ـــە. ئـەم پرسـە، واتـا ڕێزگـرتن لـە شێوەیەك لـە "رابـردوو" دەرکـەوتنێکی راسـتەوخۆیە لـە رابردوویەکی دیـاریکراو و هەڵبـژاردنێکی چارەنووسـسازە. هەموو تازەیی ڕێنیسانس لە هەڵبژاردنی "رابـردوو" دایـە، رابردوویەك وەك "ڕێنـوێنی ئێـستا". خەسـڵەتی سـەرەکی ئەندێشەی ڕێنیسانس، بەکاربردنی ئەزموونەکانی رابردووە بۆ باشتر ئیدارەکردنی"کاروباری ئێستا".

ئەم بۆچـوونە لـە کـاتی گرنگـی دانـی ماکیـاڤێللی بـە

مێـژووی سـەردەمی کـۆن، لەسـەر هـزری سیاسـی ئـەو کاریگـەری دەبێـت، ئـەو هـەموو نموونـەکان کـە بـۆ شیکردنەوەی ئەندێشەی خۆی دەیهێنێتـەوە، لـە نوسـراوەو بابەتـەکانی مێژوونوسـانی سـەردەمی کـۆن دایـە. لەوانـە بەرهەمـەکانی پولیپـوس، سیـسرۆ و تیتـۆس لیویـوس جێگایەکی شیاویان هەیـە، چـونکە ماکیـاڤێللی بۆچـوونی پەیوەست بە "دەورەیی بوونی رووداوە سیاسیەکان" لـە دوو مێژوونوسی یەکەم وەردەگرێت. ئەو ئەم بۆچوونە لـە بەشـی دووهەمی کتێبی وتارەکان دا باس دەکـات و ئـاوا دەڵێـت: "چارەنووسـی هـەموو دەوڵەتـەکان ئەمەیـە کـە وەهـا سەردەمێك تێپەڕێنن. راستیەکەی ئەمەیە کە بـە دەگمـەن دەوڵەت دەبینین کە لە درێژەی ژیـانی خۆیـدا، بـۆ فـۆرمی سەرەتای خۆی بگەڕێتەوە. تەمەنی دەوڵەتەکانیش ئەوەنـدە درێـژ نیـە کـە بتـوانن ئـاڵوگۆڕی دەورەیـی چـەندین جـار تێپەڕێنن. ئەوان تووشـی چـەندین ناخۆشـی و گیروگـرفتی جۆراوجۆر دەبن، بەجۆرێك کە ماندوو دەبن، بە رادەیەك کـە ئەم ئاستەنگانە ئەقڵ و بڕستیان لێـدەبڕێ و دەبێتـە هـۆی ئەوەی کە پاش ماوەیەکی کەم بن بە کۆیلـەی دەوڵـەتێکی

دراوسێ کە بنەما و پێکهاتەیـەکی سـاغتری هەیـە. بـەڵام ئەگەر ئەم حکومەتانـە بتـوانن لـەم مەترسـیە خۆبـوێرن، دەبیـنین کـە تـا هەتایـە لـەم هـەمان خـولی ئـاڵوگۆڕدا دەمێننەوە".١٥

ماکیاڤێللی تیۆری "خولی داییمی" بۆیـە بـەکار دەبـات کە "فاکتی دەوڵەت" لە دژی ئامانجی زاهیدانـەی ئاکـاری مەسیحی دابنێت. ئەو بـەمجۆرە، تـەوەرەی باسـی سیاسـی پەیوەندیدار لەگەڵ پرسی رزگاری رۆحـی بەشـەر (ئـەوجۆرە کـە لـە تیـۆری سیاسـی- مەزهـەبی ئـەراسموس، یـان بەشـێوەیەکی هێمـاییتر لـە یۆتـوپییزمی مرۆڤدۆسـتانی تۆماس موردا دەبینرێـت) بـەرەو هـزری پێـڕەوی تـاك لـە دەوڵەت دەبات. بە بۆچـوونی ماکیـاڤێللی، هـەموو جـۆرە ئەخلاقێك دەتوانێ لە ئەندێشە سیاسیدا دەرکەوێت، چونکە بە رای ماکیاڤێللی دەبێ گرنگی بـە نـەزمی کومەڵایـەتی بدرێت. ئەو بە ئامانجی دانتێ کـە دەیویـست یـەکێتی لـە نێوان پتری پیرۆز و سزاردا پێکبێنێ، باوەڕی نییـە. بـە ڕای ئەو "مەسلەحەتی دەوڵەت" گرنگی پلـە یەکـەمی هەیـە. هـەر بەمبۆنـەوە سـەبارەت بـە پێویـستی بـەکارهێنانی

سیاسەتێکی واقیعبین کە بیەوێ دۆخی درێژەی ژیانی دەوڵەت هەموار بکات، پێداگری دەکا و دەڵێ دەبێ دەوڵەت قۆماری نێوان دەسەڵات داران و خەڵك کە بۆ "بالانسی کۆمەڵایەتی" لە ئارادایە، بە قازانجی خۆی تەواو بکات. کەوابوو ئەو پرسیارەی کە ماکیاڤێللی هەوڵ دەدات وەڵامی بداتەوە ئەمەیە کە: دەبێ چۆن و بە چ شێوەیەك کۆمەڵگا رێکبخرێت؟ بۆ ئەم مەبەستە ئەو تێدەکۆشێ تا بە لێکدانەوەی دەوڵەتانی سەردەمی کۆن، پرۆگرامێك بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە، لە سەر بنەمای حکومەتی کۆماری گەڵاڵە بکات. چونکە "ماکیاڤێللی پێی وابوو کە ئامانجی دامەزراندنی کۆمارێکی سەقامگیر سەرئەنجام سەردەگرێت".١٦

ئەو سەردەمەی کە ماکیاڤێللی سەرنجی ئێمەی بۆ رادەکێشی، سێ سەدە و نیو لە مێژووی رۆم دەگرێتەوە. ئەم سەردەمە، بە پێکهێنانی تریبوونا (دیوانی ئەنجومەن بۆ لێکۆڵینەوەی پلانە یاساییەکان) لە رۆم لە ساڵی **٤٩٣** پێش زایین (واتا **١٧** ساڵ پاش روخانی تارکن دواین پادشای رۆم لە ساڵی **٥١٠**ی پێش زاییندا) دەسپێدەکا و لە ساڵی **٢٧**ی

پێش زایینداا به دامەزراندنی ئەمپراتۆری رۆم و لەنێوچوونی دەوڵەت شار کۆتایی دێت. ئەمە، سـەردەمێکە کـە لـەودا رۆم لە دەڤەری مێدیتەرانەدا پلەیەکی زاڵ پەیدا دەکـا و لـە بـاری سیاسـی و بەڕێوەبەرایەتیـەوە دەوڵەمەنـدتر دەبێـت. بەڵام ئەو شتەی لەم سـەردەمەی مێـژووی رۆم دا بەڕاسـتی سەرنجی ماکیاڤێللی رادەکێشێ، ئەزموونێکی سیاسییە کـە دەرفەتی سەرهەڵدان و سەقامگیری حکومەتی کۆماری لـە رۆم دا پێکدێنێ. ئەو ئەم ئەزموونە سیاسییەی لـە کتـێبی وتارەکانـدا بــە قــووڵی لێکدایــەوە. ئامــانجی ئــەو لــە لێکۆڵینــەوەی شــێوەی کــاری حوکمڕانــان و دەزگاکــانی کۆماری رۆم و ئاکامەکانی ئەم ئەزموونە سیاسـییە ئەوەیـە کە سـەرنجی هاوچـەرخانی خـۆی بـۆ چارەنوسـی کۆمـاری فلۆرانس رابکێشێ، "ئەم کارەش پێویستی بەوە هەیـە کـە ماکیـاڤێللی بـەردەوام رۆڵـی دوو کۆمـاری رۆم و کۆمـاری فلـۆرانس بـەراورد دەکـا و بـەردەوام بـیری لـە نێـوان دوو جەمسەری "سەردەمی کۆن" و "سـەردەمی نـوێ" دا لـە بزاڤدا بێت".١٧ تەنیا پرسـیارێك کـە ماکیـاڤێللی هـەوڵ دەدات، بـەپێی ئەندێـشە خـۆی دەربـارەی کۆمـاری رۆم

وەڵامی بداتەوە، پرسێکە کە لـە کتـێبی شـالیاردا لەمـەڕ لۆژیکی دەسەڵات گەڵاڵە دەکات.

ماکیاڤێللی، بـەو بابەتانـەی کـە لـە کتـێبی شـالیاردا دەیهێنێتە گۆڕێ، دەمانباتە ناوەندی بڕیاردانی سیاسی واتـا فـەزای سیاسـی بـۆ بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی دەسـەڵات ڕێنوێنیمان دەکات. بەمبۆنـەوە دەتـوانین ئـەم کتێبـە وەك نوسراوەیەك دەربـارەی هونـەری سـەرکەوتن لـە سیاسـەتدا بزانین نە نوسراوێك دەربارەی چـۆنیەتی سیاسـەت، چـونکە هەر چەشنە سەرکەوتنێك لە سیاسەتدا و، بە وتەیـەکی تـر هەرچەشنە سەرکەوتنێك کە بۆ دامـەزرانی دەزگای سیاسـی بەدەست بێت، بەناچار دەرئەنجامی هەڵسوکەوتێکە کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات ئـەنجام دەدرێـت. بـەڕای ماکیاڤێللی، بەدیهاتنی دەوڵەت، پیشاندەری سەرکەوتن لـە پێکهێنـانی دەزگـای سیاسـیدایە. کـەوابوو دامـەزرانـدنی دەوڵەت، ئاکامی هەڵسووڕانێکی سیاسـییە کـە ئامـانجی بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی دەسـەڵاتە. بـە وتەیـەکی تـر، ئامـانجی سیاسـەت بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی دەوڵەتـە، چونکە سیاسەتڤان تەنیا بە کـەڵك وەرگـرتن لـەم دەزگایـە

دەتوانێت حوکمڕانی بکات. مەرجی درێژەدان بە دەسەڵات لە لایەن سیاسەتڤانانەوە ئەوەیە کە دەوڵەت بتوانێ لە نێوان خۆی و خەڵکدا هاوکێشی پێکبێنێ. سەقامگیری و گەشەی دەوڵەت، لە گرەوی دابینکردنی ئەمنیەت و پێکهێنانی رەفا و ئاسایشدایە. کەوابوو سیاسەتڤان "دەبێ شێوەیەك بگرێتەبەر کە بەردەوام شارۆمەندان هەست بە پشتگیری دەوڵەت بکەن تا بەمجۆرە هەردەم لەئاست دەوڵەت وەفادار بن." ١٨ وەفاداری نەتەوە، تەنیا یەکێ لە مەرجەکانی پاراستنی دەوڵەتە. مەرجی دیکە، توانای بڕیاردان و بوێری سیاسەتڤان لە بەرانبەر ئەو پرس و رووداوانەدایە کە هەڕەشە لە مانەوەی دەوڵەت دەکەن. کەوابوو ئەوە ئەرکی سیاسەتڤانە کە بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتی پێویست بۆ پاراستنی نەزمی سیاسی، نەهێڵێ کینە و نەفرەتی خەڵك تەنگی لێهەڵبچنێ. "ئەو دەبێ هەم دەستی لاواندنەوە بەسەر خەڵکدا بێنی و هەم نەهێڵێ دۆخێك بڕەخسێ کە خەڵك لەئاست ئەم دووریانە رابوەستن کە: یان مەرگ قبووڵ بکەن، یان دەوڵەت پڕوخێنن".١٩ ئەمە دەرسێکە کە ماکیاڤێللی لە ئەزموونی سیاسی -

مەزهەبی قەشەی فلۆرانسی بە ناوی فراجیرولاموساڤۆنارولا فێردەبێت. ئەم قەشەیە لە پێڕەوانی تاقمی دومنیکەن بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە هەلێك کە بەهۆی لەشکرکێشی شارلی هەشتەم و هەڵاتنی پییەری دووهەم (لە بنەماڵەی مدیچی) لە ساڵی ١٤٩٤ پێکهات، لە فلۆرانس دا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بە یارمەتی خەڵك لەم شارەدا "کۆماری عیسا" ی دامەزراند، بەڵام دۆستایەتی ئەو لەگەڵ فەرانسییەکان و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ پاپ بووە هۆی لە ناوچوونی، چونکە بە پاشەکشەی هێزەکانی فەرانسە لە ساڵی ١٤٩٧ و هاتنە سەرکاری پاپ ئەلکساندەری شەشەم ساڤۆنارولا وەك "پێغەمەرێکی بێ چەك"دەرکەوت. پاش دەرچوونی حوکمی کافری ئەو لە لایەن پاپەوە لە ٩ی مارسی ١٤٩٨دا خەڵکی فلۆرانس پشتیان تێکرد و سەرەنجام لە ٢٤ی مەی١٤٩٨دا بە زیندوویی لە ئاگردا سووتاندیان.

ماکیاڤێللی لە کاتی مەحکوم بوونی ساڤۆنارولا دا، تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو و لە ١٨ی ژوئەنی١٤٩٨ وەك سەرۆکی دیوانی دووهەمی فلۆرانس هەڵبژێردرا. دەتوانین

روانگەی ماکیاڤێللی سەبارەت بە ساڤونارولا لە نامەیەکی بەناوبانگدا کە لە ٨ مارسی ١٤٩٨ دا بۆ ریکاردۆ بچێ بالیۆزی فلۆرانس لە دەرباری پاپ نووسیویە، ببینینەوە. ئەو لەم نامەیەدا، راپۆرتێکی تێرو و تەسەل لە هزر و وتەکانی ئەم قەشەیە بەدەستەوە دەدات. بەلام ئەوە لە کتێبی شالیار دایە کە ماکیاڤێللی ئەو دەرسانەی کە لەم رووداوە فێربووە بەیان دەکات. ئەو ئاوا دەنووسێ:"بەوجۆرەی کە لە سەردەمی خۆماندا چارەنووسی فراجیرولامو مان بینی کە چۆن باوەڕی خەڵك بە ئەو کزبوو و چۆن خۆی حکومەتی تازەی لەناوچوو، ئەو نە کەرەسەیەکی بوو بۆ راگرتنی باوەڕمەندانی خۆی هەبوو، نە رێگایەکی هەبوو تا بێئیمانان بڕوادار بکات... لەم رووەوەیە کە هەموو پێغەمبەرانی جەنگاوەر سەرکەوتوون و پێغەمبەرانی بێچەك ناکام بوون".٢٠

ماکیاڤێللی بە رێزی زۆرەوە، یادی "پێغەمبەری بێچەك" واتا ساڤونارولا دەکاتەوە و لە کتێبی وتارەکان دا دەڵێ: "ئەو - بە بێ ئەوەی کارێکی سەیر و سەمەرە بکات - توانی خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆی بخات".٢١

بەڵام بەمەیـشەوە، ماکیـاڤێللی هـەم باسـی زیرەکـی ئـەم قەشەیە دەکات، هەم باسی فرەخـوازی ئـەو دەکـات- کـە لەسەر چارەنووسی کاریگەر بوو و ئەوی لە بەرچاوی خـەڵك خست".٢٢ بێ نرخ بوونی سـاڤۆنارولا بـەهۆی هەڵـەکانی خودی ئەو بوو: یـانی ئـەو یاسـایانەی کـە خـۆی دایـنـابوو پێشێل کرد و هەر ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کە ڕێزی خـۆی بدۆڕێنێ. ماکیاڤێللی لەم ڕووداوە بەم ئاکامـە دەگـات کـە نابێ هـیـچ دامـەزرێنـەر و یاسـادانەرێك یاسـاکانی خۆیـان پێشێل بکەن، چـونکە بـە شـکانی ئـەو یاسـایە، وەعـد و بەڵێنی ئـەو لەگـەڵ خـەڵك دەشـکێت، پـشتیوانی خـەڵك ئەدۆڕێنێ و کینە و نەفرەتی ئەوان هەڵـدەخڕێنێ. خـاڵێکی تر ئەمەیە کە "بـۆ بەختـەوەری حکومـەتی کۆمـاری یـان شالیاری، تەنیا ئەوە بەس نیە کە حوکمڕان یان دەسـەڵاتدار لە هەموو ژیانی سیاسی خـۆی ئاقڵانـە بـە سـەر خەڵکـدا حوکمڕانی بکات، بەڵکو دەبێ یاسایەك دابنێت کە لە دوای مەرگی ئەویش دەوڵەتەکەی بتوانێت درێـژە بـە دەسـەڵاتی خۆی بدات".٢٣

بەمپێیە دەتوانین بڵـێین کـە هێـزی هـەر دەوڵـەتێك بـەو یاسایانەوە بەستراوە کـە دایدەڕێـژێ. دەوڵـەتێك کـە بـاش بناغەکەی دابڕێژرێت دەوڵەتێك کە خاوەن یاسا و دەسـتوری ڕێك وپێك بێت. سەقامگیری هەر دەوڵـەتێك و ئەمنیـەتی خـەڵك بەپێـچەوانەی شـوێنەواری رووخێنـەری گەنـدەڵی و دیکتاتۆری — بە پراکتیزەبوونی ئەم دەسـتورەوە بەسـتراوە. بـە وتەیـەکی تـر، پێویـستی سـەقامگیری و بـەردەوامی دەوڵەت، پرسی پێکهاتنی بەڵێن و پەیمانێك لە نێوان خـەڵك و حوکمڕاناندا دەێنێتە ئاراوە. بەڵام دەبێ ئەم خاڵـەش زیـاد بکەین کە بەڕێوەبردنی یاسا تەنیا هۆکـاری سـەقامگیری و مانەوەی دەوڵەت نیە، بەڵکو لەم پرسـەدا هێـزی سـەربازی دەوری بنەڕەتی دەگێـڕێ. "لەشـکری پڕچـەك، بـەهێزترین پشتیوانی دەوڵەتە و بە بێ ئەو نە دەکـرێ یاسـای ئـەقڵانی هــەبێت و نــە دام و دەزگــای بەســوود".٢٤ بەمهۆیــەوە ناسینی هونەری سیاسەت، بە بێ ناسینی هونەری جـەنگ، بێمانایە، پیاوی سیاسی کەسـێکە کـە پیـاوی جـەنگیش بێت. بە رای ماکیاڤێللی، دەسەڵاتی سیاسـی و دەسـەڵاتی سـەربازی دەسـەڵاتێکی یـەکگرتوو پێکـدێنن. "کـەوابوو

پێویسته شالیار هیچ ئامانجێك و هیچ ئەندێشەیەكی لە سەردا نەبێت، بێجگە لە جەنگ و كەرەسە و رێكخستنی جەنگ، تەنیا لەم بوارەشدا شت بخوێنێتەوە". ٢٥ ئەم وتەیە بەو مانایە دێت كە كاری سیاسەت و كاری جەنگ، دوو لایەنی یەك شتن، ئەو شتەش، هەر هەمان دەسەڵاتی دەوڵەتە. هەر دەوڵەتێك دەبێ خاوەن ستراتیژێكی سەربازی بێت، چونكە هەر كردەیەكی جەنگی، بەهۆی بوونی ستراتیژێكی سیاسی بە ئەنجام دەگات. جەنگ دیاردەیەكی سیاسی و سیاسەت شێوازێك لە جەنگە. بەمپێیە هەر توێژینەوەیەك كە دەربارەی هەلومەرجی پێكهاتنی دامەزراوەیەكی سیاسی ئەنجام بدرێت، پێویستی بە بیر و ئەندێشە سەبارەت بە جەنگیش هەیە. قسە و باس سەبارەت بە جەنگ، تەنیا بەهۆی توێژینەوە لەمەڕ سیاسەت هەموار دەبێت، هونەری سیاسەت لە پێشەوەی هونەری جەنگدایە.

## عەشق بە سیاسەت

ساڵی١٥١٣ ماکیاڤێللی لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە سـان کاچیبیانو نووسینی کتێبی شالیاری تەواو کـرد. ئـەو پـاش چوارده ساڵ خزمەتی راسـتگۆیانە بـە کۆمـاری فلـۆرانس، حەوتی نوامبری ١٥١٢، لە سەرکار لابرا و خانەنشین کـرا. ئـەو ١٨ی ژوئـەنی١٤٩٨ لـە تەمـەنی ٢٩سـاڵیدا، وەك سەرۆکی دیوانی دووهەمی کۆمـاری فلـۆرانس دەس بـەکار بـوو. ماکیـاڤێللی لـە هـەموو خزمـەتی خۆیـدا تـەنیا ئامانجێکی هەبوو، خزمەت بە کۆمار. ئەو لە بـەڕێوەبردنی ئـەم مەبەسـتەیدا نیـشانیدا کـە بەڕێوەبـەرێکی زیـرەك و پیاوێکی شیاوی متمانەیە. بە لەبەرچـاوگرتنی ئازایـەتی و وشیاری و وردبـینی لـە کاتـە سـەختەکاندا دەکـرێ بلـێین پیاوێکی سیاسی لێهاتووە. ئەو لـەو چـالاکیە سـەربازییەدا کە بۆ گەمارۆی شاری پیزا بەڕێوەچوو، بەشداری کـرد و بـۆ

تێپەڕاندنی ئەرکە سیاسییەکان چوار جار چووە کۆشکی لوئی دوازدەهەم پاشای فەرانسە، دوو جار بۆ کۆشکی ماکسیمیلیان لە ئاڵمانیا و دوو جاریش بۆ دەرباری لوکرس بورجا نێردرا. ساڵی ١٥٠٣ بۆ ناشتنی تەرمی پاپی سێهەم و هەڵبژاردنی پاپی نوێ، چوو بۆ ڕۆم. بەکورتی ماکیاڤێللی وەك سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون ناسراوە و تا کۆتایی ژیانی سیاسی خۆی، بە بەڵێنەکانی لە بەرانبەر کۆماری فلۆرانس وەفادار مایەوە و هەر بەهۆی ئەم وەفادارییە بوو کە توانی خانەنشینی و زیندان و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە بە گیان و دڵ قبووڵ بکات. بەلاّم ئەو سێ هەفتەیەی کە کەوتە بەندیخانە و ئەشکەنجە درا، بە قەد دوورخستنەوەی لە دنیای سیاسەت ئەوی ئازار نەدا.

ماکیاڤێللی لە نامەیەکیدا کە بە ڕێکەوتی١٣ی مارسی١٥١٣ بۆ فرانچسکۆ ڤێتوری دەینووسێ، باسی بوێری خۆی بەرانبەر بەو ژان و ئازارانە دەکا و گاڵتەی بە ئەشکەنجە و لیدانەکەی دێت. ئەو دەنووسێ: "من ئەشکەنجەم بە بوێرییەوە تەحەموول کردووە و دەبێ ئافەرین بە خۆم بڵێم. وادەزانم لەوە پڕبەهاترم کە خۆم بیرم

لێدەکردەوە." بەڵام لە نامەیەکی تریدا، بە ڕێکەوتی ١٠ی دیسەمبەری هەمان ساڵ بۆ فرانچسکۆ ڤتوری دەنووسێ: "دوورکەوتنەوەم لە دنیای سیاسەت زۆر دڵتەنگی کردووم، واهەست دەکەم تەمەنم بە فیڕۆ دەڕوات، ئەم دۆخە ناتوانێ درێژەی هەبێت چونکە بۆ من ئەبێتە هۆی هەژارییەکی نەگریس و دەکەومە بەر نەفرەت. لەمەش واوەتر حەزدەکەم "مدیچی"یەکان بڕیار بدەن ئەگەر بۆ تلدانی بەردیش بووبی بۆ خزمەت بانگم بکەن، بەدوای ئەوە دا ئەگەر نەمتوانی سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆم راکێشم ئەوا خۆم بەرپرسیارم... هەرکەسێك دەبێ بە گیان وبە دڵ هەوڵ بدات و بیەوێت پیاوێك بەم هەموو ئەزموونەوە، ئەزموونێك کە بۆ ئەو کەمترین زەحمەتی نەبووە، بۆ خزمەتی خۆی رایگرێ. نابێ کەمترین گومان سەبارەت بە راستگۆیی من هەبێت، من بەردەوام ئەمەکناس بووم و ئێستاش لەو پێناوە دا کاردەکەم، کەسێك کە هەمیشە لە خزمەت دا وەفادار بووە، لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا کە تەمەنی منە سروشتی ناگۆڕێت. جگە لەمەش هەژاری من بەڵگەی سەلماندنی ئەم راستیەیە."

لەم باسانەدا دەبینین کە ماکیاڤێللی چۆن بە حەسرەتی گەڕانەوەی بۆ کاری سیاسی دەسووتێ و هیواداره کە "مەدیچی"ـەکان بیرو رایان سەبارەت بە ئەو بگۆڕدرێ، بەلاّم ئەو ماوەیەکی دوورو درێژ بەو هیوایە ژیاو، بۆ ئەوەی کە رۆژگار تێپەرێنێ، هەموو کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کرد. لە نێوان ئەو کتێبانە دا کە حەزی لە خوێندنەوەیان بوو، بەرهەمەکانی دانتێ، پترارك، تیبول و ئۆوید جێگەی ئاماژەن، ئەو بە رۆژ لە نێو دارستانەکاندا خۆی سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێب دەکرد و شەوانە کە دەگەڕایەوە ماڵ، بەرگی شاهانەی دەپۆشی و خۆی بۆ دیداری دۆستان ئامادە دەکرد. یان دەکەوتە تاووتوێ کردنی بۆچوونی زانایانی گەورەی رابردوو. لەم بارەوە ئاوا دەنوسێ: "ئەوان منیان بە باوەشی کراوە قبوول دەکرد و ئەو شتە خۆشانەی کە ئەوان خولقاند بوویان — دڵخوازی منیش بوو، من بۆ بەهرە وەرگرتن لەوانە لەدایك بووم بەهرەیان لێ دەبم. لە وتوویژ لەگەل ئەوان بێ هیچ شەرمێك لە هاندەر و هەولـەکانیان پرسیار دەکەم و ئەوانیش لە رووی مروڤ دۆستیەوە وەلاّمی پرسیارەکانم ئەدەنەوە. لە ماوەی چوار

سەعاتدا هەست بە ماندوویی ناکەم وهەموو گرفتەکانی ژیانم لەبیر دەکەم، نە بیر لە دەستەنگی دەکەمەوە، نە دڵەڕاوکێی مردنم هەیە. هەروا کە دانتێ ئەڵێ ئەگەر ئەوەی فێری دەبی لە مێشکتدا نەیهێڵیەوە زانستێك بوونی نابێت. من لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان ئەوەی وا گرنگ بووە یادداشتم کردوەو نامیلکەیەکم بە نێوی حکومەتی شاریارەکان نووسیوە. من لەم نوسراوەدا بەوپەڕی تواناوە دەربارەی ئەو پرسانەی کە لەو بوارەدا دێتەگۆڕێ (وەکو: دەسەلأت چیە؟ چەند جۆرە؟ چۆن دەتوانی بە دەستی بێنی؟ چۆن دەتوانی بیپارێزی؟ چۆن دەفەوتێ؟) بیرم کردۆتەوە."

ئەم نامیلکە دەبێ وەك گوتاری راستگۆیانەی نووسەر سەبارەت بە سەردەمی خۆی حساب بکرێ، چونکە تەنیا چەند مانگ پاش ئەم نووسینە بوو کە ماکیاڤێللی ئەوەی لە ماوەی چواردە ساڵ کار لە دنیای سیاسەتدا فێر ببوو کردی بە نوسراوەیەك. بەلأم پەلەی ئەو بۆ ئەوە کە کتێبی شاریار لە زووترین کاتدا بنوسێت، کاریگەری لەسەر چاپی کتێبەکەی نەبوو، چوونکە ئەم کتێبە لە ساڵی ١٥٣٢ یانی پێنج ساڵ پاش مەرگی ماکیاڤێللی بۆ یەکەمجار چاپ و

بلاّوكرایەوە. هەروەها تكای ئەو لە فرانچسكو ڤتوری بۆ ئەوەی كەرامەتی سیاسی بگێڕێتەوە جێگای خۆی و دیسانەوە بۆ خزمەت لە دەزگای ئیداری كۆماری فلۆرانس بانگ بكرێتەوە، تا ساڵی ١٥١٨ قبووڵ نەكراو هەر لەو ساڵەدا بوو كە ئیزنیان دا بگەڕێتەوە فلۆرانس. بەویشەوە پاش ساڵێك لە گەڕانەوەی بۆ كۆشكی مدیچی، ئینجا بانگ كرایەوە، كاردینال یۆلیۆس دی مدیچی داوای لێكرد بە بڕی پارەی سەد فلۆرن لە ساڵێكدا مێژووی فلۆرانس بنووسێتەوە. ماكیاڤێللی لەم هەلە كەڵكی وەرگرت تا دەركی خۆی لە بواری مێژوونوسین و شیكردنەوەی سیاسیدا پیشان بدات. ئەو لەو رێگایەوە سەركەوتنێكی بەدەست هێنابوو كە متمانەی بنەماڵەی مدیچی دیسانەوە بەو ڕادەیە بۆ لای خۆی راكێشێ كە لە دوای هەڵبژاردنی یۆلیۆس دی مدمیچی وەك پاپ كلمان ی حەوتم لە ساڵی ١٥٢١ دا و تەواوكردنی نوسینی مێژووی فلۆرانس بانگ كرایە رۆم. بەلاّم ساڵی ١٥٢٥ كە ماكیاڤێللی گەیشتە رۆم، لە بەر سەركەوتنی تازەی ئیمپیراتۆر شارلكن و شكستی فەرانسە لە شەڕی پاوی، هەلومەرجێكی نالەباری

هێنایە گۆڕێ. ماکیاڤێللی لە بەرانبەر گەورەیی و قورسایی ئەو مەترسیەدا پێشنیاری بە پاپ کرد شاری فلۆرانس پتەو کاتەوە و ڕێکخراوێکی پارتیزانی میللی لە ناوچەی ڕۆمانیا دروست بکات، پاپ پێشنیارەکەی ئەوی قبووڵ کرد، بەلام لەگەڵ فرانچسکۆ گی چیاردینی حاکمی ڕۆمانیا قسە دەکا و بیروڕای دەخوازی و ئەو بۆ بەرگری لە خەرجی زۆر دژایەتی ئەم پێشنیارە دەکا، سەرئەنجام لە دوای یەك ساڵ واتە چواری ئاپریلی١٥٢٦ پاپ پێشنیارەکەی ماکیاڤێللی جێبەجێ کرد، بەلام تازە ئیتر درەنگ بوو. هەڵە ستراتیژیەکانی هێزەکانی پاپ و سیاسەتە نادرووستەکانی کلمان ی حەوتم بووە هۆی ئەوەی کە لە سێپتەمبەری ١٥٢٦ ڕۆم بڕوخێ. پاپ لە کۆشکی سنت ئانجەلو زیندانی کراو بە ناچار ئاگربەستی ڕاگەیاند، لەو ماوەیەدا ماکیاڤێللی لە لای گی چیاردینی بیری لە ڕێکخستنی سەرلەنوێی فلۆرانس دەکردەوە. لە بەهاری ساڵی ١٥٢٧ هێزەکانی ئەمپراتۆر خۆیان بۆ هێرش ئامادە کرد، لە ڕێکەوتی ١٦ی مانگی مەی ١٥٢٧ حکومەتی مدیچیەکان ڕوخاو و ڕژێمی کۆماری دیسان دامەزرا. لەو

کاتەدا ماکیاڤێللی لـە تەمـەنی٥٨ ساڵیدا نـاخۆش بـوو، بەڵام سەرەڕای پیری و نەخۆشی بەهۆی عەشق بە سیاسـەت و ورەی بۆ خزمەت بە وڵاتەکەی لە جێگا هەسـتاو بـەختی خۆی بۆ بە دەستەوەگرتنی سەرۆکایەتی حکومـەتی تـازەی فلۆرانس تاقی کردەوە، بەڵام ئەنجومەنی دە کەسی بـە رەت کردنەوەی پێشنیارەکەی زەبرێکـی گورچـکبڕیان لـە لەشـی بیماری ماکیاڤێللی دا. ئەو دوازدە رۆژ پاش ئەو رێکەوتـە، واتە ٢٢ ی ژوئەنی ١٥٢٧، لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە نێـو بنەماڵە و دۆستانیدا، لە ئولتەر ئارنۆ کۆچی دوایـی کـرد و رۆژی دواتر سەرەڕای دژایەتی کشیشەکان لە کڵێسای سانتا کرۆچە نێژرا.

مەرگی ماکیاڤێللی لە دەستدانی یەکێك لـە کەسـایەتیە گەورەکانی ئەندێشەی سیاسی نوێ بوو، بەڵام لەڕاستیدا بـە کۆتایی ژیانی ئـەم پـسپۆڕەی بـواری سیاسـەت، هونـەری سیاسەت سـەرهەڵئەدا و لـە عەشـقی ئـەو بـە سیاسـەت پسپۆڕانی تازەی ئەم بوارە لەدایك دەبن.

# کتێبی شالیار یا لۆژیکی دەسەڵات

گرامشی سەبارەت بە کتێبی شالیار وا دەنووسێ: " تایبەتمەندی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە کتێبێکی زیندووە".٢٩ ئەگەر ئەم کتێبە نە تەنیا وەك وانەیەك سەبارەت بە واقیعگەرایی سیاسی، بەڵکو هەروەها وەك کۆمەڵێك ئەزموونی سیاسی- مێژوویی سیاسەتمەدارێکی گەورە ببینین، دروستی وتەکەی گرامشی مان بۆ روون دەبێتەوە، بێگومان هەر ئەم لایەنەیە کە گرنگی سیاسی — مێژوویی ئەم کتێبە دەخاتەڕوو. بەڵام کتێبی شەهریار، وەك کتێبێ سەبارەت بە شێوەی کاری دەسەڵاتدارانی بریوکار و ستەمکار، یان بەپێی وتەی فەیلەسوفێکی ناودار، وەك "یاسای دزە گەورەکان" ناوی دەرکردووە. ئەم ناوبانگە خراپە بەوهۆیە نیە کە ستەمکاران دەیخوێننەوە و پێڕەوی لێدەکەن*، بەڵکو لەڕاستیدا بەرهەمی ستەمکاری

زادەی جەهلـە کـە بـەرۆکی هـەموو بەرهەمـە گـەورەکان دەگرێتەوە، ئەو بەرهەمانەی کە لە یەکەم هەنگاوەکانی بـیر و عەقڵ واوەتر دەچن. بەمهۆیـەوە، هـەر کـەس زەحمـەتی خوێندنەوەی کتێبی شالیار قبوڵ بکـات، بێگومـان لەمـەڕ ئـەو داوەرییانـەی کـە سـەبارەت بـە ماکیـاڤێللی و بەرهەمەکانی کردوویە پەشیمان دەبێتەوە و لەوە بەولا ئـەو کتێبە وەك ڕێنوێنی ستەمکاران سەیر ناکـات، بـەڵکو بـە تێگەیـشتن لـە بایـەخی راسـتەقینەی کتێبەکـە، وەك نوسراوێکی کورت سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسـی سـەیری دەکات.

کتێبی شالیار لە بیست و شەش بـەش پێکهـاتووە کـە هەمووی سەبارەت بە پێکهێنان و پاراستنی دەسەڵاتە. لـەم کتێبـەدا ستایـشی هـیچ دەسـەڵاتدارێك نـەکراوە، بـەڵکو نوسەر تێدەکۆشـێ تـا سەرچاوە و هەلومـەرج و سـنووری دەوڵەت و دەسەڵاتی حاکم شـیبکاتەوە، هـەر بەمبۆنـەوە، ناوێك کە بـۆ کتێبەکـەی دانـاوە، بریتیـە لـە حکومـەتی شالیاری نە شالیار، بەڵام دوای مەرگی ماکیـاڤێللی کاتـێ کتێبەکە چاپ و بلاوکرایەوە ناوی گۆڕدرا و کرا بە شالیار.

بەلاّم بۆچی ماکیاڤێللی نـاوی حکومــەتی شـالیاری بـۆ کتێبەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ؟ هۆی ئەوەیە کە ئەو تێدەکۆشێ حکومەتی جۆراوجۆر راڤـەبکات. کاتـێ کـە ماکیـاڤێللی دەست بە نووسینی ئەم کتێبە دەکات، ماوەیەکی درێژە کـە سەبارەت بە کتێبی وتارەکان کار دەکات. بەلاّم رووداوەکانی سەردەم دەبنە هۆی ئەوە کە واز لە کتێبی وتارەکان بـێنێ و بە پەلە دەست بە نوسینی شالیار بکات. بەلاّم ئـەم پەلەیـە نابێتە هۆی ئەوە کە بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی لـە کتـێبی وتارەکاندا لابەرێ و لە کتێبی شالیاردا باسێکی تر ئاڕاستە بکات. لەڕاستیدا ئێمە لە کتـێبی وتارەکـان و لـە کتـێبی شالیاردا لەگەڵ یەك پرس بەرەو رووین کە لە دوو ڕوانگـەی جیاوازەوە گەلاّڵە کراوە. بە وتەیەکیتر، لەم دوو کتێبەدا دوو جۆر چەسپانی پراکتیکی تیـۆری دەبینینـەوە، ئـەم تیـۆرە هەمان تیۆری دەوڵەتە. بەم شـێوەیە، ماکیـاڤێللی، تیـۆری دەسەلاّت لە پێوەندی لەگەڵ چەسپان (پراکتیزەبوون) ی ئـەو لە لایەن دەوڵەتەوە گەلاّڵە دەکـات. هـەر جـار کـە باسـی دەسەلاّت دەکات، مەبەستی چەسپاندنی دەسەلاّت بـەهۆی دەوڵەتەوەیە. بەلاّم بـە بۆچـوونی ماکیـاڤێللی، دەسـەلاّتی

دەوڵـەت وەك "دەسـەلاٚتی سیاسـی ناتـاکی" دەرناکـەوێ.
دەسەلاٚتی سیاسی، گەوهەری هێزی ئـەقلانی دەوڵـەت نیـە بەڵکو لە پەیوەندی نێوان ئوتۆریتەی کەسـی سیاسـەتڤان و دەزگا کۆمەلاٚیەتییەکانـەوە سەرچـاوە دەگرێـت. کـەوابوو، لێرەدا، پرسی " گشتێتی دەوڵەت" تەنانەت ئەو کاتـە کـە پێوەندی نێوان پێکهاتەی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەلاٚیەتی، بەهۆی کار و کردەوەی دەسەلاٚتی دەوڵەتیەوە دیاری بکرێت، گەلاٚڵە ناکرێت. بە رای ماکیـاڤێللی، پێکهاتـەی دەوڵـەت، بەهۆی هەڵسووڕانی سیاسی "دامەزرێنـەر- یاسـادانەر"وە بەرتەسك ئەبێتەوە و مانـەوەی دەوڵـەت بـە هەڵـسووڕان و هەڵسوکەوتی بەردەوامی حوکمڕانەوە بەسـتراوە. بەمهۆیـە، دەوڵـەت تـەنیا کاتێـك سـەنبولی یـەکێتی سیاسـیە کـە پێکهاتەی دەسەلاٚتی ئەو لـە کـاری حـوکمڕانیی سـەرۆکدا دەرکەوێت. لەم بـارەوە، تـەنیا دەتـوانین باسـی دەسـەلاٚتی دەوڵـەت، وەك "دەزگـای دەسـەلاٚتداری" کـە لـە لایـەن حوکمڕانەوە پێکهاتووە، بکەین. ئەمەش لە کاتێکدایە کـە ستراتیژی دەوڵەت لەگەڵ ستراتیژی حوکمڕان یـەکێك بێـت. کـەوابوو بـوونی دەوڵـەت تـەنیا لـە ڕێگـەی دەسـەلاٚتی

حوکمڕانەوە هەست پێدەکرێ. لە وەها هەلومەرجێکدا، دەوڵەت، وەك پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسی، دەردەکەوێ. بەڵام راستی زاتی ئەم دەسەڵاتە سیاسیە، بەپێی دەسەڵات لەسەر دەڤەرێکی دیاریکراو راوەستاوە. هەر دامەزراوەیەکی دەسەڵاتی سیاسی، بەرهەمی راستەوخۆی دەسەڵات لەسەر ئەو دەڤەرەیە و بە مەبەستی پیشاندانی دەسەڵات لەئاست گرووپێکی کۆمەڵایەتیدایە. لەم بابەتەوە دەسەڵاتی شەخسی، وەك دامەزراوەیەکی دەوڵەتی رۆڵ دەگێڕێت. دەبێ ئەم دامەزراوە دەوڵەتییە بەپێی نێوەرۆکی دەسەڵاتێك کە لە خۆی پیشانی دەدات، بە قەوارەی سیاسی بزانین. بە وتەیەکی تر، دەوڵەت دەڤەرێکە کە لەودا، دەسەڵاتی ئەو کەسانەی کە بەسەر خەڵکدا حکومەت دەکەن بەڕێوەدەچێ. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەت، واتا گۆڕینی دەسەڵات بۆ دامەزراوەیەك، بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات. کەوابوو هەر دەسەڵاتێك تەنیا کاتێك رەوایە کە سەقامگیر بێت. بەپێی باوەڕی سیاسی ماکیاڤێللی، ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە هاوسەنگی ئەندامانی پێکهاتەی سیاسی بپارێزێت. چونکە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵات بۆ پێکهێنانی رەوایی

(شەرعیەت) و درێژەی دەسەڵاتی خۆی، لە دەزگای دەوڵەت کەڵك وەردەگرێت، بەڵام هەمیشە دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕەی کـە ڕەنگە لە هەرێمی سیاسیدا بێتــە ئـاراوە هەڵـسەنگێنێ تـا بتوانێ ئەو دیاردانەی کـە هەڕەشــە لـە مانــەوەی دەوڵــەت دەکات، بناسێت. بەمهۆیەوە، دەوڵەت، تەنیا هێمای بەرزی دەسەڵات نیە، بەڵکو هەروەها دامەزراوەیەکی یاساییە کـە دەبێ چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی یاساکان بێت. بە ڕای ماکیاڤێللی، دەوڵەت، پێش هەموو شـتێك، دامــەزراوێکی یاساییە، یانی سیستمێکی یاساییە. لەم دامەزراوە یاساییەدا چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی، بــەهۆی یاســاوە بــە ئــەنجام دەگات. لە ئەنجامدا پێوەندی نزیکی دەسەڵات و یاسا هــەر کردەوەیەکی سیاسی وەك کـارێکی یاســایی دەژمێردرێـت. بەهۆی وەها گرنگییەك کە بە یاسا دەدرێت، جیاوازی نێوان هەرێمی تایبەتی و هەرێمی گـشتی ئاشـکرا دەبێـت. ئـەم جیاوازییە ئەو دەرفەتەمان پێدەدات کـە نـە تـەنیا مانـای پێوەندی نێوان یاسا و سیاسەت کە لە نێوان دەوڵەت و تـاك تایبەتەکان دایە، دیاری بکەین، بەڵکو سـنوری ڕێکخـراوی دەوڵەتیش دیاری بکەین. لێرەدا ئێمە لەگەڵ بنەمایەکی نوێ

له بنەماكانی سەقامگیری سیاسی بەرەوروو دەبین كە دەبێ هەلومەرجی پێكهاتنی ئەو لە روخانی سیستمی كۆندا بدۆزینەوە. چوونكە "لە گەشەی سیستمی دەوڵەتیدا، توخمی پچڕانی یەكێتی جیهان و دژایەتی نێوان دنیا و ئەو دنیا شاراوەیە". ۳۰ ئەم دژایەتیە، ئەو دەرفەتە بە مرۆڤ دەدات كە خۆی بە سەرچاوەی كردەوەكانی خۆی بزانێت. كەوابوو دەبێ سروشتی مرۆڤ بە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی بزانین. سازگاری نێوان دەسەڵات و كۆمەڵگەی مرۆڤی هەر لەم پرسەوە سەرچاوە دەگرێ. بە وتەیەكی تر كۆمەڵگا بەپێی مافی مرۆڤی نە "مافی بان — كۆمەڵایەتی" دادەمەزرێت. لە ئەنجامدا پەرەسەندنی چەمكی "مافەكانی مرۆڤ" لە فاكتی سیاسیدا، بەخێرایی لەپاش چەمكی "دامەزراندنی دەوڵەت" دێتەئاراوە. دامەزراندنی دەوڵەتێك، یانی پێكهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ چەسپاندنی دەسەڵات. بە گەڵاڵەكردنی ئەم مەسەلە، دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی سەرەتای باسەكەمان.

ماكیاڤێللی پرسی دامەزرانی دەوڵەت بە دوو شێوە گەڵاڵە دەكات: هەم لە رووی چەمكی "قەڵەمڕەوی

شالیاری" و هەم لەرووی "قەڵەمڕەوی کۆماری"یەوە. ئەو تێدەکۆشێ تا هەموو شێوازەکانی چەسپاندنی دەسەڵات روون کاتەوە و بۆ هەر مەسەلەیەك رێگە چارەیەك ئاراستە بکات. بەڵام لەم هەر دوو پرسەدا بنەمای بۆچوونی سیاسی ئەو لەسەر رەشبینی سەبارەت بە مرۆڤەکان راوەستاوە. بە بۆچوونی ماکیاڤێللی، مرۆڤەکان لە سروشتدا ناپاکن، هەر بەمهۆیە پێویستیان بە سیستمی سیاسی گونجا و سەقامگیر هەیە تا بتوانن بەشێوەی کۆمەڵایەتی بژین. کەوابوو لە پرسی یەکێتی سیستمی سیاسیدا، بەرژەوەندی تاکەکان لە ئارادایە. سەرەڕای ئەمەش دەبێ بزانین کە واقیعگەرایی سیاسی ماکیاڤێللی، لە عەشقی ئەو بە ئیتاڵیا جیا نیە. بۆچوونە سیاسیەکانی ئەو بەشێکە لە نیگەرانی ئەو سەبارەت بە سەربەخۆیی و یەکێتی ئیتاڵیا. هەر بەمهۆیە، بیروڕای سیاسی ماکیاڤێللی لە خەیاڵاتی ئەوەوە سەرچاوە ناگرن بەڵکو لە راستییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بە رای ئەو مۆدێلی سیاسەت، لە فاکتی ئینسانیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەمپێیە، دەبێ بڵێین کە بە رای ماکیاڤێللی، چارەنوسی مرۆڤەکان لە دنیای سیاسەتدا

"حەتمی" نیە و لە نوسراوەکانی ئەودا هیچ نیشانەیەك لە پێکهاتنی "کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵ لە داهاتوودا" بەدی ناکرێت. ئەو پێی وایە کە لۆژیکی چالاکی سیاسی، بەپێی راستییەکان دیاری دەکرێت و لەوێشەوە سەرچاوە دەگرێت. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە ماکیاڤێللی بیرمەندێکە کە بەتەواوی دژی "یوتۆپیزم" و "جڤاتی ئایدیال" ە، چونکە: پێوەندییەك کە ئەو لەنێوان بواری سیاسەت و بواری مێژوودا پێکیدێنێ، هەر جۆرە چەمکێکی "یوتوپیا" رەت دەکاتەوە. کەوابوو، ئەو جۆرە کە لە ئەندێشەی جڤاتی ئارمانیدا دەیبینین، سنورێك بۆ مێژوو لەئارادا نیە و هەر بەمهۆیەش دنیای سیاسەت دنیایەکی سنوردار نیە.

لەوەی وترا دەتوانین بەم ئاکامە بگەین کە بە رای ماکیاڤێللی، رێکخراوی کۆمەڵگا تەنیا جارێك بۆ هەمیشە رێکناخرێت. بە رای ئەو، چالاکی سیاسی هەم لایەنی "مافی دانراو"ی هەیە هەم لایەنی مێژوویی. لەم بابەتەوە دوو کتێبی شالیار و وتارەکان، لە روانگەی کۆمەڵی ئارمانییەوە نەنوسراون و ئامانجیان بەیانی سیاسەت لە کۆمەڵی ئارمانیدا نیە و بە دوای یوتۆپیادا ناگەڕێن. لە ئەندێشەی

ماکیاڤێللیدا، ڕەخنە لە یوتۆپیزم، لە وەلاتانی بیری گەڕانەوە بۆ کۆمەڵی رابردوو جیانیە. ئەوەی کە بۆ ئەو گرنگی هەیە، جڤاتێکی سیاسییە کە ئەو تێیدا دەژی نە بەڵێنی بەختەوەری لە داهاتوودا و لە "دورگەی یوتۆپیا" دا.

بەمهۆیەوەیە کـە ئـەو هـەوڵ دەدات تـا لـە شـالیارێك یارمەتی وەرگرێت کە ستەمکار نـەبێت و وەك دامەزرێنـەر - یاسادانەرێکی تـازە بێتـە ئـەژمار و بـە یارمـەتی ئـەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بـۆ سەرانـسەری ئیتاڵیـا گەلاڵە بکات. بەلاّم ئەم شالیارە نوێیە دەبـێ چ بکـات تـا ئیتاڵیا لە ستەمکاری رزگار بکا و دەوڵەتێك پێکبێنێ کـە یاسای پێویست پەسەند بکا و رێزی لێبگرێت؟ ماکیـاڤێللی لە وەلاّمی ئەم پرسیارەدا دەڵێ ئاوا شالیارێك دەبێ بتـوانێ هەم هونەری سیاسەت و هـەم هونـەری جـەنگ بەتـەواوی بەکار بێنێ. کەوابوو ئەو، پێش بەدەستەوەگرتنی حکومەت و بـۆ ئـەوەی بتـوانێ حکومـەتی خـۆی بپـارێزێ، دەبـێ سەرچاوەی دەسەلاّتی خۆی بناسـێ و بتوانـێ وەلاّمـی ئـەم پرسیارە بداتەوە: سەرچاوەی حکومـەتی ئـەو لـەو هەرێمـە دیـاریکراوەدا چـیە؟ ماکیـاڤێللی دەڵـێ کـە: "خـەڵك و

دەسترۆیشتوان هەر کامیان هەلیان بۆ بڕەخسێ حکومـەتی خۆیان دروست دەکەن". ٣١ بـە وتەیـەکی تـر، دەسـەڵاتی حکومەت لەسەر یەکێ لە دوو هێزی جیاواز راوەستاوە: یان خـەڵك یـان دەسترۆیـشتوان(ئاریـستۆکراسی). کـەوابوو حکومڕان کەسـێکە لـەنێوان ئـەم دوو گرووپـەدا، "چـونکە دەسترۆیشتوان هەر کات بزانن لەگەڵ خەڵك ناکۆکن، لـەنێو خۆیاندا یەکێك هەڵدەبژێرن و بە حکومەتی دەگەیەنن تا لـە سێبەری دەسەڵاتی ئەودا بە ئامانجەکانیان بگەن. خـەڵکیش هەر کات بزانن کە لەگەڵ دەسترویشتوان ناکۆکن کەسێك لە خۆیان هەڵدەبژێرن و بە حکومەتی دەگەیەنن تا لە سـێبەری دەسەلاتی ئەودا بە ئامانجەکانیان بگەن ". ٣٢ لە هیـچکام لەم دوو بابەتەدا شالیار وەك تاکێکی تایبەت کـار ناکـات، بەڵکو وەك پیاوی دەوڵەت کاردەکات، چونکە وەك نێـوەنجی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتیـەکان، داکـۆکی لـە بەرژەوەنـدی دەوڵەت دەکات. بەڵام بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە وڵاتێکـی دیاریکراودا، کام یەك لەم دوو هێزە پێویستترن: سـەروەت و سـامانی دەسترۆیـشتوان؟ یـان متمانـەی خـەڵك؟ بـە رای ماکیاڤێللی: "بێگومان خەڵك! چونکە خواستەکانی خـەڵك

ڕەسەنتر و نەجیبانەترە لە دەستڕۆیشتوان..."٣٣. شالیار پێویستی بە دۆستایەتی و متمانەی خەڵك هەیە تا بتوانێ لە ئاست مەترسی و دوژمنکاری بوەستێت، بەڵام ئەگەر پاڵ بە دەستڕۆیشتوانەوە بدات، بێجگە لەوەی لە کاتی تەنگانەدا بەجێی دێڵن، دۆستی داکۆکی خەڵك دەدۆڕێنێ. کەوابوو "دۆستایەتی خەڵك بۆ شالیار پێویستە، ئەگینا لە کاتی تەنگانەدا بە تەنیا دەمێنێتەوە". ٣٤ بەڵام شالیار بۆ ڕاکێشانی دۆستایەتی خەڵك دەبێ ئازادخوویی بکاتە پیشە و بە کەسێکی ئازاد خوو ناو دەربکات. بۆ بەدەست هێنانی وەها ناوبانگێك پێویستە ڕێز لە خەڵك بگرێ، چونکە"خەڵك تەنیا ئەوەیان دەوێ کە زوڵمیان لێنەکرێ". ٣٥ کەوابوو شالیار دەبێ لە چاوچنۆکی و شەڕخوازی و تالاَن کردنی ماڵی خەڵك خۆی بپارێزێ و باج و ماڵیاتی قورسیان لێ نەستێنێ. ئەو" دەبێ وەها شێوازێك بگرێتەبەر کە شارۆمەندان هەردەم بە خۆی و بە دەوڵەتەکەی پشتگەرم بن، لە وەها هەلومەرجێکدا هەمیشە پێی وەفادار دەبن"٣٦. بە ڕاکێشانی متمانەی خەڵکە کە شالیار دەتوانی لە بەرانبەر هێرشەکان

راوەستێت. بەمهۆیە، ماکیاڤێللی سەبارەت بە رۆڵی خەڵك لە کاتی شەڕدا پێداگری دەکات. بە وتەی ئەو شالیار دەبێ پێڕەوانی خۆی خۆش بوێت تا پێویستی بە جەنگاوەرانی کرێگرتە نەبێت، چونکە ئەمانە بێجگە لە خراپە و زیان هیچ قازانجێکیان نیە. بەمهۆیە "ئەگەر کەسێك کاری بەرەنگاری لە وڵاتی خۆی بە بەکرێگیراو بسپێرێ قەت لە هێمنی وڵات دڵنیا نییە، چونکە ئەو کەسانە دۆڕاو، دەسەڵاتخواز، هەرچی و پەرچی و پەیمان شکێنن و لە ماڵەوە شێرن و لە دەرەوە ڕێوی..."٣٧. ماکیاڤێللی پێشنیار بە شالیار دەکات کە گرووپی پارتیزانی نەتەوەیی دروست بکات و جڵەوی دەسەڵاتی خۆی بە لەشکری بە کرێگیراو و هاوپەیمانانی ئەوان نەسپێرێت. بەم شێوەیە، تا کاتێك کە خەڵك لە شالیار رقیان هەڵنەستاوە دەتوانێ پشتیان پێببەستێ و هێمنی دەوڵەت بپارێزێ. ئەگەر شالیار ڕێزی خەڵك بگرێت پێویستە خەڵکیش ڕێزی ئەو بگرن. ڕێزدانان هەستێکە کە سەرچاوەی یان خۆشەویستیە یان ترسە، "بەڵام بۆوەی کە دارابوونی ئەم دوو حاڵەتە پێکەوە دژوارە، ئەگەر بڕیار بێت کە یەکێکیان هەڵبژێرین،

باشتر وایه زیاتر بترسێن نه خۆشیان بوێت".٣٨ بەڵام دەبێ بزانین ماکیاڤێللی، پاش ئەوەی داوا لە شالیار دەکات تا دڵی خەڵك رابگرێت، ئەی بۆ داوا دەکات کە خەڵك بترسێنێ؟ لەڕاستیدا خاڵێك کە ماکیاڤێللی جەختی لەسەر دەکات ئەوەیە کە شالیار نابێت بکەوێتە بەر رق ونەفرەتی هاوڵاتیان. کەوابوو، کاتێ کە هێشتا رق و نەفرەتی خەڵکی هەڵنەخڕاندووە کەرەسەیەك کە بۆ وەرگرتنی هەستی رێزدانانی خەڵك بەکاری دەبات گرنگی ئەوتۆی نیە." کەوابوو دەبێ شالیاری عاقڵ پشت ئەستوور بەو شتانە بێت کە لە خزمەتی دایە نە ئەو شتەی کە لە خزمەتی خەڵکیتر دایە، هەر وەك وتمان تەنیا دەبێ لە هەڵخڕاندنی نەفرەتی خەڵك خۆی بپارێزێ".٣٩ بێجگە لەمەش، شالیار بۆ دروستکردنی هەیبەتی خۆی لە دڵی خەڵکدا، دەبێ بزانێ کە چۆن دەتوانێ هەم لە زۆر و هەم لە یاسا کەڵك وەرگرێت. چونکە، لە هەر جێگایەك کە هێزی یاسا بەکار نەیەت، یاسای زۆر حوکم دەکات. بەمپێیە، دەسەڵاتی شالیار تێکەڵاوێکە لە یاسا و زۆر. لەم روانگەوە دەتوانین ئەو بە بوونەوەرێك بزانین کە نیوەی مرۆڤ ونیوەی ئاژەڵە.

نیوەی ئینسانە چونکە لە چوارچێوەی یاسادا کاردەکات، نیوەی تری ئاژەڵە، چونکە یاسا تێکدەشکێنێ و زەخت و زۆر بەکار دەبات. بە ڕای ماکیاڤێللی، شالیار دەبێ لە نێو حەیواناتدا هەم لە شێر و هەم لە ڕێوی پێرەوی بکات. "چونکە شێر ناتوانێ لە تەڵە رزگاری بێت و ڕێویش لە چنگ گورگ دەرناچێت. کەوابوو دەبێ ڕێوی بێت تا داوەکان بناسێت، دەبێ شێریش بێت تا گورگەکان راوبنێت."٤٠ زۆری شێر و فێڵی ڕێوی، پێکەوە، دەبنە هۆی ئەوە تا شالیار لە هەموو بوارێکەوە بەهێز بێت. ئەوەی لێرەدا لە قسەکانی ماکیاڤێللی دەردەکەوێ ئەوەیە کە شالیار دەوری ئاژەڵ دەگێڕێ بەڵام ئاژەڵ نییە. ئەوەی گرنگی هەیە وێنەیەکە کە دەسەڵات لە زەینی خەڵکدا دروستی دەکات. بە وتەیەکی تر، لۆژیکی رواڵەتە کە بناغەی داوەری خەڵك پێکدێنێ. بەپێی وتەی مرلوپۆنتی:"مەرجی سەرەکی سیاسەت ئەمەیە کە لە رووالەتدا دەرکەوێت."٤١ کەوابوو گەوهەر و ناوەڕۆکی سیاسەت ئەمەیە کە هێمای رواڵەتی هەبێت. چونکە ئەوەی بۆ دەسەڵات گرنگە ئەوەیە کە هەمیشە و لە کاتی

لاواز بوونیشدا، خۆی بەهێز پیـشان بـدات. بەمهۆیـە کـە: "خەڵك، بەگشتی زیاتر لە سـەر بنـەمای ئـەو شـتەی کـە چاویان دەیبینێ داوەری دەکەن نە ئەو شتەی کە لە نزیکەوە هەستی بکەن، هەمووان دەتوانن لە دوورەوە تۆ ببینن بەڵام کەم کەس دەتوانێ لە نزیکەوە تۆ هەست بکات."٤٢

بە رای ماکیاڤێللی، سیاسەت، زیاتر لە قومارێك دەچـێ کە هەر کام لە قوماربازان تێدەکۆشن تـا لایـەنی بەرانبـەر ببەزێنن و پارەیەکی زیاتر بەدەست بێـنن، لەم بابەتـەوە لـە هەر هەلێك بۆ لاواز کردنی بەختی رەقیـب بـەهرە دەبـەن. هەروەها بە رای ئـەو، سیاسـەت تێکۆشـانێکە کـە تـەنیا مرۆڤـەکان ئـەنجامی دەدەن. سیاسـەت تێکۆشـانێکە لـە ئاسـتی رۆحـی مرۆڤـدا. کـەوابوو، نـاکرێ سیاسـەت وەك هەڵسورانێکی "تەواو و کەماڵ" بزانین، چـونکە مرۆڤـەکان تەواو نین. کەوابوو پرسی دەوڵەتی "تـەواو و کـەماڵ" (بـێ کەم و کووڕی) ئیمکانی نییە. قازانجی سیاسەت، پێکهێنان وپاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی سیستمێکی سیاسیە. بە رای ماکیاڤێللی، دەوڵەت یەکێ لە هۆکارەکانی پێکهێنـانی کۆمەڵگایە، ئامانجی سـەرەکی نووسـەری کتـێبی شـالیار

ئەمەیە کە نێوەرۆکی گشتی دەوڵەت دیاری بکات. نە ئەوە کە بیر لە دۆزینــەوەی "چـاکترین دەوڵــەت" بکاتــەوە. بــە وتەیەکی تــر، مەبەســتی ماکیــاڤێللی، کاتــێ کــە باســی نێوەرۆکی دەوڵەت دەکات، پرسی ئــەخلاقی نیــە. کــەوابوو دەتــوانین لەگــەڵ ئــالبرتو مۆراویــا هــاودەنگ بــین و بڵــێین کــە:"ماکیــاڤێللی سیاســەت لــە ئــەخلاقی مەســیحی جیادەکاتەوە".٤٣ ئەو بە سنورداركردنی پرسە پیرۆزەکـان، تێدەکۆشێ تا لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا تا جێگەیـەك کـە بواری هەیە"واقعیەتی کاروباری سیاســی" روون بکاتــەوە. ئــەو، دەوری کومەلاّیــەتی دیــن هــەر لــەم روانگەیــەوە لێکدەداتەوە. ماکیاڤێللی بەپێچەوانەی پێڕەوانی بـیر و ڕای سیاسی ئەگوســتین کــە مەزهــەب بــە ئامــانج و ئــەنجامی هەموو تێکۆشانێکی سیاسی دەزانــن، پێــی وابــوو دەبــێ سیاسەت ئامانج و ئەنجامی تێکۆشانی مەزهەب بێت. ئــەو یەکێ لە یەکەمین بیرمەندانی سیاسی دەورانی مۆدێرنە کــە مەزهەب وەك ئامێرێك بۆ گەیــشتن بــە ئامــانجی سیاســی دەزانێــت و لــەنێوان "بیرمەنــدانی دەورانــی رنێسانــسی ئیتاڵیادا ماکیاڤێللی زیاتر لە هەموویان لە کتێبی ئینجیــل

دووره، کەمتر لە دانتێ ئیمان لەگەڵ سیاسەت تێکەڵ دەکا و بایەخ بە ئەخلاقی مەسیحی نادات. چونکە بە رای ئەو، ئەخلاقی مەسیحی بۆتە هۆی ئەوە کە هاوچەرخانی ئەو بە ورە و خاوەن توانا نەبن."٤٤ ئامانجی ماکیاڤێللی ئەوەیە کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و مەزهەب ئەو جۆرە کە دەورانی ئەو وابوو، بگۆڕێ. بە رای ئەو مەزهەب دەبی بۆ خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر یارمەتی مرۆڤ بدات. هەرچەند کە ئەو پێی وابوو کە بابەتی هەقیقی سیاسەت، ئینسانە. کەوابوو، ماکیاڤێللی سەبارەت بە دەوری گرنگی مەزهەب لە پرۆسەی دامەزراندنی دەسەڵاتدا، پێداگری دەکات. بەڵام ئەوە لە کتێبی وتارەکان دایە کە لەم بارەوە باس دەکا و دەڵێ: " لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ستایش دەکرێن، هیچ کەس لە دامەزرێنەرانی مەزهەبەکان بەناوبانگتر نییە"٤٥ نەختێ دواتر دەڵێ: "ئەرکی پادشاکان و سەرکۆمارەکانە کە رێزی بنەما مەزهەبییەکان بگرن".٤٦ کەوابوو بە رای ماکیاڤێللی، مەزهەب، یەکێ لە هۆکارەکانی یەکێتی کۆمەڵگا و سەقامگیری دەوڵەتە. مەزهەب سیستمی کۆمەلأیەتی رێکدەخات. هەربەمهۆیە،

تا کاتێ کە بڕوا بە خوداوەنـد لـۆژیکی چـالاکی هاوبەشـی مرۆڤەکان دیاری دەکات، دەبێ لە سیاسـەتدا گرنگـی پـێ بدرێت.

بەلاّم رەنگە ئەم پرسیارە بێـتە گۆڕێ کە ماکیـاڤێللی تـا چ رادەیەك مەزهەبی بووە؟ لە وەلاّمی ئەم پرسیارەدا بێشك دەتوانین بلّێین کە ئەو کەسێکی ئیمانـدارە و بـە ڕای خـۆی مەزهەب لە سـەقامگیری کۆمەلّگاکانـدا دەوری سـەرەکی هەیـە و بایـەخی مـەدەنی هەیـە. بـەمجۆرە دەبیـنین کـە ماکیـاڤێللی سـەرنجێکی تایبـەت بـە دەوری کۆمەلاّیـەتی مەزهەب دەدا و هەر وەك گوتمـان مەزهـەب بـە هۆکـاری یەکێتی نەزمی سیاسی دەزانێت. ئەو لە کتێبی وتارەکانـدا دەنووسێ: "هەر دەولّەتێك کـە لـەودا تـرس لـە خوداوەنـد نەبێت مەحکوم بە فەوتانە".٤٧

ئەگـەر دانیـشتوانی کۆمـەلّێك لـە خـودا نەترسـێن بەدلّنیيایەوە دەبێ لە شالیار بترسێن، بەلاّم بێشك ترس لـە شـالیار بـە ڕادەی تـرس لـە خـودا دەور و کـارایی نیـە. بەرهەستبوونی دەسەلاّتی شالیار خەلّك دەترسێنێ. کەوابوو ئەگـەر ماکیـاڤێللی لـە کتێبەکانیـدا لەمـەڕ دەوری

کۆمەلآیەتی مەزهەب پێدا دەگرێ، بەوهۆیەوەیە کە ئەو مەزهەب وەك هۆکاری سەقامگیری و پاراستنی دەسەلآت دەزانێت.

لە سیستمی فکری ماکیاڤێللیدا، ئێمە لەگەڵ چەمکێکی تر بەرەو ڕوو دەبین کە هەمان بەخت و شانس(**fortuna**)ـە. ئەو بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە لە نامەیەکیدا بە ڕێکەوتی ٣٠ی سێپتەمبەری ١٤٩٩ بۆ سەرۆکی دیوانی لوککا بەکاردێنێ و دەنووسێ:"من، تەنیا لە بەر خاوێن کردنی یوتۆپیای خۆمان لە پیسی تۆمەت لێدان — یوتۆپیایەك کە ئێوە پیسی دەکەن — بڕیارم نەداوە کە نامەتان بۆ بنووسم، بەڵکو تەنیا ویستم دڵسۆزانە ئاگادارتان بکەمەوە کە لەمە بەدوا ئاقڵ بن. من پێموایە ئەرکی سەر شانمە کە ئاگادارتان بکەمەوە چونکە بەخت و شانسی هەردوومان یەکێکە".٤٨

دووهەمین جار کە ماکیاڤێللی ئەم چەمکە و هەروەها چەمکی "لێوەشاوەیی" بەکار دەبات، لە بەشی دووهەمی قەسیدەیەك دایە کە بە ناوی دەیەکان (**Decennales**)دەیخوێنێ. ئەو ئەم بەرهەمە لە سالی

١٥٠٤ دەست پێدەکا ولــە بەنـدی دووهەمیـدا کـە سـاڵی ١٥٠٩ نوسراوە ئاوا دەڵێ: "ئەو بە ئاسانی لە شەرەفی خۆی مایــەی دانــەنا، بــەڵام لــە بەخــشینی زێــڕ و ســەروەت دا بەخشندە بوو، لە هەموو ژیانی خۆیدا بە رادەیــەك توانـا و لێهاتوویی نیــشاندا کــە بــە زمــانی مــن وەسـف نـاکرێ. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەو ئێستا بە تەنیا ماوە و نەفرەت لێکراوە، لە ماڵەکـەی خۆیـدا گۆشـەگیر و هــەژار و پـیر و کوێرە، بەخت و شانس تا ئەم رادە پــشتی لــەم پیـاو چـاکە کردووە".٤٦

لە کتێبی شالیاردا زیاتر لەگەڵ ئەم دوو چەمکەی بــەخت و شانس ئاشنا دەبین. ماکیـاڤێللی ئــەم دوو چــەمکە لــەم کتێبەدا لە کاتی گفتوگۆ لەمەڕ داگیرکردنی ناوچە تازەکـان بەکار دەبات. ئەو دەڵێ دەتوانین قەڵــەمڕەوی پادشـاکان بــە سێ دەستە دابەش بکەین: یەکــەم ئــەو ناوچـانەی کـە بــە میرات بۆیان ماوەتەوە کــە هــەر کـام لــە وان بــە ســانایی دەتوانن بەڕێوەی بەرن، "لــەو جــۆرە حکومەتانــەدا ئەگــەر نەریتی پێشینان ڕێزی لێ بگیردرێ و کێشەکان بــە دەســتی شارەزایەك چارەسەر بکــرێن، پاراســتنی تــاجی شـاهی بــۆ

شالیارێك كه ئاقڵ بێت هێنده دژوار نیه، مه‌گه‌ر ئـه‌وه كـه هێزێكی زۆردار له‌ناكاو ئه‌و له‌سه‌ر ته‌خت لابـه‌رێت، ئه‌گـه‌ر پاشایه‌ك به‌مجۆره تاج و ته‌ختی بدۆڕێنێ، هه‌ر كات كـه دزی تاج و ته‌خته‌كه‌ی زیانێكی پێ بگات، دیسان ده‌توانی تاج و ته‌خته‌كـــه‌ی به‌ده‌ســـت بێنێتـــه‌وه". ٥٠ دواتـــر "ناوچـــه تێكـــه‌ڵاوه‌كان" كـــه پاراســـتنی ئـــه‌وان دژواره بـــه‌ڵام "بـــۆ راگرتنی ئه‌وانه ســێ رێگــه لــه ئــارا دایــه: یه‌كــه‌م وێــران كردنیان، دووهه‌م بردنی پێتــه‌خت بــۆ ئــه‌وێ مانــه‌وه‌ی شــا له‌وێدا، سێهه‌م، لێگه‌ڕێی به یاسای خۆیان بـژین و ماڵیــات بـده‌ن، دیـاریكردنی گرووپێكـی ده‌سـه‌ڵاتدار كـه بتـوانن پێوه‌ندییـــه‌كی دۆســـتانه پێكبێـــنن". ٥١ ســـه‌رئه‌نجام ماكیاڤێللی ده‌سته‌ی سێهه‌م به"ناوچه تازه‌كان" ناوده‌بـات، مه‌به‌ستی ئـه‌و ئـه‌و ناوچـانه‌یه كـه بـه زه‌بـری چـه‌ك یـان لێهاتووییان له رێگای به‌خت و شانسه‌وه به‌ده‌ست هـاتوون. ئـه‌و لێـره‌دا دوو كـه‌س بـه نموونـه دێنێتـه‌وه: فرانچـسكو سفورتسا و چزاره بورجا. ئه‌م دوو كه‌سه توانیـان بـه هـۆی لێوه‌شاوه‌یی زۆر و به زه‌بری چه‌ك، به پله‌ی شالیاری بگـه‌ن. ماكیاڤێللی دوو كه‌سی تر ناو ده‌بات كـه به‌پێـچه‌وانه‌ی دوو

کەسی پێشوو کاریان کـردووە: ئاگاسـوکلس وئێلیورتـو دی فرمو کە هەر دوویان بە توندوتیژی و بێڕەحمی و خەیانـەت، بە بێ ئەوەی کە لێوشاوەیی لە خۆیان پیشان بدەن و بـە بـێ یارمەتی بەخت وئیقبالْ بە دەسەلاْت گەیشتن.

بـەلاْم بـە رای ماکیـاڤێللی، پلاندارێـژانی راسـتەقینەی دەسەلاْت، دامەزرێنەران — یاسا دانەرانێکن کە دەسـەلاْتی خۆیان تەنیا بەپێی توانا و لێوەشاوەیی خۆیان پێکدێنن، نـە بە پالْپشتی بەخت و ئیقبالْ یان خیانەت و گەندەلْی. بـەپێی وتەی ئەو، لەنێو ئەم جۆرە دەسەلاْتدارانەدا دەتوانین موسـا، کوروش، رمولوس و تسیۆس ناوبەرین. ئەم پیاوانە بـەهۆی بەهرەمەنـدی لـە وشـیاری سیاسـی و توانـای سـەربازی، توانیویانە دەسەلاْتی خۆیان دامــەزرێنن و بیپـارێزن. ئـەوان سەرەڕای هێزی بەخت و ئیقبالْ بە کەلْك وەرگرتن لە چەك و چـۆلْی سـەربازی خۆیـان و بـە بـێ یارمــەتی لەشـکری بەکرێگیراو توانیویانە بە دەسەلاْت بگەن. هێزی چەك تـەنیا بەهۆی لێوەشاوەیی سیاسی ئەم کەسـانەوە دەتوانـێ دەوری هەبێت. بە ڕای ماکیاڤێللی دەبێ سـەرهەلْدان و داروخـانی هەر دەسەلاْتێك لە ململانێی نێوان لێوەشاوەیی و بـەخت و

ئیقبالّدا ببینین. کتێبی شالیار سەرهەڵدان و ئاوابوونی دەسەلاّتە پاتشاییەکانمان پیشان دەدات. ماکیاڤێللی بەپێی ئەزموونی کۆماری ڕۆم، شێوەی پێکهاتن و ئاوابوونی حکومەتە کۆمارییەکانیش لە کتێبی وتارەکاندا باس دەکات.

پێشتر وتمان کە کتێبی شالیار لە کتێبی وتارەکان لەدایکبووە، ئێستا تێدەکۆشین تا پیشان بدەین کە کتێبی وتارەکانیش لە کتێبی شالیار هەوێن دەگرێت. لۆژیکی دەسەلاّت هەلومەرج و دەرفەتی چۆنیەتی سیاسەتی کۆماری دیاری دەکات.

# وتارەکان یان داهێنانی کۆمار

هەر کەس بیــەوێت بــە میتــۆدێکی رێکوپێــك و جـدی، بەرهەمە سیاسییەکانی ماکیاڤێللی لێکبداتەوە، ناچارە کـە کتێبی وتارەکان بخوێنێتــەوە. کـەوابوو، ســەرەڕای گرنگــی حەتمی ئەم بەرهەمە، ناوبانگی کتێبی وتارەکان نــەیتوانیوە لەگەڵ ناوبانگی کتێبی شالیار هاوسەنگی بکات. بەمهۆیــە کتێبی وتارەکان کەمتر توێژینەوەی لەسەر کراوە. لــە هــەر کوێ کە باســی ماکیــاڤێللی دەکـرێ، کتــێبی شــالیارمان بیردێتەوە، هەر بــەوجۆرە کــە کاتــێ باســی هــابز و رۆســۆ دەکرێ، ناوی گرنگترین کتێبەکانی ئەوان یــانی "لویاتــان و پەیمانی کۆمەلاّیەتی" مان بیردێتەوە. بەلاّم هــەر بــەوجۆرە کە تەنیا بە خوێندنەوەی ئــەم دوو کتێبــە نــاتوانین تێکــڕای روانگەی هابز و رۆسۆ باس بکەین، تــەنیا بــە خوێندنــەوەی کتێبی شالیاریش ناتوانین بانگەشەی ناسین و بیرو بۆچــوونی

ماکیاڤێللی بکەین. کەوابوو، لێکدانەوەی کتێبی وتارەکان پێویستە، تەنانەت ئەگەر بە لێکدانەوەی ئەم کتێبەش نەتوانین بە دەرئەنجامێکی خێرا سەبارەت بە هونەری سەرکەوتن لە سیاسەتدا بگەین. کاتێ لە پێویستی لێکدانەوەی زیاتری ئەم کتێبەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە بیرمان بێت ماکیاڤێللی کتێبی شالیاری بە پەلە نووسیوە. لە کاتێکدا کە کتێبی وتارەکان لە وەها هەلومەرجێکدا نەنوسراوە و ماکیاڤێللی لە دوای سێ ساڵ کاری رێکوپێک و جدی نوسیویە و هەوڵیداوە تا لەم کتێبەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە کتێبی شالیاردا هێناویەتە گۆڕێ. بەمهۆیەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو کتێبە ئەگەر چی هەر کامیان نوسراوەیەکی سەربەخۆن، تەواوکەری یەکترن. کەوابوو، دەبێ ئەمەشمان لە بیر بێت کە کتێبی وتارەکان بەپێچەوانەی رواڵەتی لە ناوەندی پەروەردەی سیاسی ماکیاڤێللی دایە، چونکە هەر وەك گوتمان، کتێبی شالیار لەو پرسانەوە لەدایك بووە کە لە کتێبی وتارەکاندا ئاراستە کراون. بە واتایەکی تر" کتێبی شالیار پلەیەك لە خوارەوەی کتێبی وتارەکان دایە".٥٢ بەمەیشەوە، خوێنەر، لە هەمان

چەند لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکەدا جیاوازی نێوان ئەم دوو بەرهەمە دەرك دەکات، بەتایبەت ئەوەی کە ماکیاڤێللی خۆی لە سەرەتایەکدا کە سەبارەت بە پێشکەشی کتێبەکە نوسیویە، ئەم هەستەی خوێنەر ئەرێ دەکات. ئەوەی لەم پێشەکیەدا دەبێتە هۆی سەرسوڕمان، ئەو لەحنەیە کە ماکیاڤێللی سەبارەت بە هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە بەکاری دێنێ. دەزانین کە ئەو کتێبی شالیار بۆ شالیارەکان دەنووسێ. بەلاّم بەردەنگی ماکیاڤێللی لە کتێبی وتارەکاندا شالیاران نین، "بەڵکو کەسانێکن کە بە هۆی هەبوونی لێوەشاوەیی و هەڵسوکەوتی چاك، مافی خۆیانە کە شالیار بن".٥٣ لە کاتێکدا کە ئەم کەسانە هیچ هێز و دەسەلاّتێکیان نیە، سەرەڕای ئەمەش، ماکیاڤێللی ئەوان لەگەڵ شالیاران بە هاوسەنگ دەزانێ. کەوابوو با بزانین ئەمانە کێن؟ ئەمانە دوو کەسی نەجیبی خەڵکی فلۆرانسن کە یەکیان "چازیمو روچلایی" و ئەویان "زانوبی بویون دلمونتی" یە.

ئەمانە دۆستانی ماکیاڤێللین کە شەوانە لە باخی ئوریچلاری پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و لە درێژەی ئەم

باسانەدا و لەسەر داوای دۆستانە کە ماکیاڤێللی بڕیار دەدات کە هەموو ئەزموونی رابردوو و روانگەی خۆی سەبارەت بە کاروباری جیهان لە کتێبێکدا بنوسێتەوە و بیخاتە بەر دەستی نەوەکانی داهاتوو. بەڵام لە نێوان کاروباری جیهاندا دەتوانین هەندێ پرس بدۆزینەوە کە راستەوخۆ پێوەندییان بە دنیای کۆنەوە هەیە و هەندێ پرس کە لەگەڵ دنیای تازە لە پەیوەندی دان. کتێبی وتارەکان، لە هەمان کاتدا خاوەن دوو نێوەرۆکە. لە لایەکەوە هەڵگری هەندێ بابەتە کە پێوەندییان بە دنیای تازەوە هەیە و کاروباری دنیای کۆن هەڵدەسەنگێنن و، لە لایەکی ترەوە هەڵگری هەندێ بابەتی دنیای کۆنە کە بۆ هەڵسەنگاندنی دنیای نوێ، وەك سەرچەشن(ئولگوو) بەکار دەبرێن. بەمجۆرە دەبێ بڵێین کە ئێمە لە یەك کاتدا چەسپانی روانگەیەك دەبینین کە هەم دەیەوێ پێوەندی کاروباری دنیای نوێ لە کاروباری دنیای کۆن جیابکاتەوە و هەم بەردەوامی ئەوان تێبگات.

ماکیاڤێللی، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو شرۆڤانەی کە لە دە بەشی سەرەتای کتێبی مێژووی رۆم بەرهەمی تیتۆس

لیویـۆس کـراوە، قـەوارەی سیاسـی رۆم شـیدەکاتەوەو لـە ڕەهەنـدی جیـاوازەوە دۆخـی ڕۆم لەگـەڵ دۆخـی سیاسـی سەردەمی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. بەڵام "هەوڵی ئـەو تـەنیا بە شرۆڤەکردنی کتـێبی مێـژووی رۆم بەرتەسـك نابێتـەوە، چونکە ئەو ئەرکێکی گرنگتری لە ئەستۆ دایە... لەڕاستیدا ماکیاڤێللی دەوڵەت دەخاتـە ژێـر پرسـیار، بـەڵام تیتـۆس لیویۆس تەنیا مێژوونوسێکە".٥٤ ئەو لـە تێکـڕای ١٤٢ بەشـی کتـێبی وتارەکانـدا پرسـی دامـەزرانی کۆمـار و پاراستنی، لە پەیوەندی لەگـەڵ ڕێکخـستن و پێـشکەوتن و گەشەی حکومڕانی لەم رژێمەدا ئاڕاستە دەکات. کـەوابوو، کتێبەکە بە سێ بەش دابـەش دەکرێـت کـە هـەر کامیـان گفتوگۆو تەوەرێکی تایبەت راڤە دەکەن. لـە یەکـەم بەشـدا پرسی نێوەڕۆکی حکومـەتی ڕۆم و میکـانیزمی کـارکردنی دامەزراوەکانی دێنێتـەگۆڕێ. بەشـی دووهـەم بـۆ گفتوگـۆ دەربارەی کاروباری سەربازی کۆماری رۆم تـەرخان کـراوە و لە بەشی سێهەمدا دەوری ئەو کەسانە پیشان دەدات کە بـە پاڵپشتی هێزی لێوەشاوەیی و زانایی خۆیـان هاوسـەنگی و گەشەی کۆماری رۆمیان پاراستووە. بەمـشێوەیە، هـەروەك

ماکیاڤێللی له فەسلّی نۆهەمی بەشی یەکەمدا دەڵێ، هەوڵی ئەو بۆ شروڤەی مێژووی کۆماری رۆم، بە سەرنجدان لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە دەیەی یەکەمی باسەکەی تیتوس لیویۆسەوە هەیە بۆ لێکدانەوەی سێ تەوەر تەرخان دەکرێت کە بریتین لە: یاساکانی مەزهەب، یاسا و رێسای جەنگ و، گفتوگۆ لەمەڕ کەسایەتی دامەزرێنەران — یاسادانەرانی کۆماری رۆم. بەڵام لەراستیدا، دەتوانین ئەم بابەتانە لە پرسیارێکدا کورت بکەینەوە، کە کتێبی وتارەکان هەوڵدەدات وەڵامی بداتەوە. پرسیارەکە ئەمەیە: چاکترین کۆمەڵگەی شیاو کامەیە؟ بە واتایەکی تر ئامانجی کتێبی وتارەکان تەنیا ئەمە نیە کە ئێمە لەگەڵ پێکهاتەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی کۆن ئاشنا بکات، بەڵکو ماکیاڤێللی تێدەکۆشێ (نوێبوونی بیری ئەو هەر لێرە دایە) تا لە ئەنجامی بەرهەم هاتوو لە شکست و سەرکەوتنی ئەم دامەزراوانە دەرسێکی پڕبەها فێربێ و لەوانە بۆ بونیاتنانی سیاسەتێکی تازە کە بتوانێ یەکێتی و ئازادی و سەروەری ئیتاڵیا دابین بکات، کەڵك وەرگرێت. کەوابوو تاووتوێکردنی کاروباری جیهانی کۆن، ئەو دەرفەتە بە ماکیاڤێللی دەدات،

تا ئەزموونەکانی خۆی دەربارەی کاروباری جیهانی نوێ تاقی بکاتەوە. کەوابوو ئەو سەرەڕای ئەوەی کە کتێبەکەی بە توێژینەوەی بەرهەمی نووسەرانی رابردوو دەست پێدەکا و پاشان بەرهەمی نووسەرانی نوێ راڤەدەکات، لەچاو سیاسەتی کۆن گرنگی بە سیاسەتی نوێ دەدات. بەڵام نابێ ئەم خاڵەمان لەبیر بچێ کە ماکیاڤێللی، شارەزای زمانی یۆنانی نەبوو بەمهۆیە نەیدەتوانی دیموکراسی یۆنانی کۆن بە گوێرەی پێویست بناسێت. کەوابوو سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕدراوی لاتینی هەندێ دەقی یۆنانی خوێندۆتەوە، بەڵام ئولگوی سیاسی ئەو هەر هەمان ئەزموونی کۆماری رۆمی کۆنە.

بەڵام ئەوەی لە کۆماری رۆمی کۆندا سەرنجی ماکیاڤێللی رادەکێشێ، دەسەڵاتی چەسپاندنی یاساکان، پرەنسیپی سەربازی، تێگەیشتویی یاسادانەران و بوێری خەڵکە. بە رای ئەو "هەر شارێك کە وەك رۆم رێکبخرێ و بڕواتە پێش، هەر شارێك کە خەڵکەکەی هەموو رۆژێك بتوانن چ لە کۆڕ و کۆمەڵی گشتی و چ لە تەنیاییدا، لێهاتویی سیاسی و بوێری خۆیان پەرە پێبدەن و لەئاست

هێزی بەخت و ڕێکەوت سەرکەون، هەمیشە و لە هەر هەلومەرجێکدا وەك ڕۆم دەتوانێ هێزی ڕۆحی و مەعنەوی خۆی بپارێزێ". ٥٥ ماکیاڤێللی یاسادانەرانی سەردەمی مۆدێرن بانگ دەکات تا سەرنج بە نوسراوە سیاسیەکانی ڕۆمی کۆن بدەن، تا باشتر بتوانن بنەماکانی دەوڵەتی نوێ دەرك بکەن. بەڵام پێشنیاری ئەو زیاتر یاسادانەرانی هان دەدا تا بنەما سیاسیەکانی کۆماری ڕۆمی کۆن لێکبدەنەوە، ئەگینا ئەو لە بناغەدا دژی لاساییکردنەوە بووە. ماکیاڤێللی تەنیا لاساییکردنەوەی پرسێکی پێ باش بوو، کە ئەویش لێوەشاوەیی سیاسیە کە لە سەردەمی کۆندا باو بووە. سەرەڕای ئەمەش، هەروەك پێشتر وتمان ئەو بنەماکانی ئەخلاقی مەسیحی دەخاتە ژێر پرسیار و ڕاشکاوانە مەحکومی دەکات.٥٦ هەر لەو کاتەدا کە لوتێر دەیەوێ ئایین و نەریتەکانی کڵێسا بگۆڕێ، ئەویش تێدەکۆشێ بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی پاپ، بنەمای چاکسازی نوێ بۆ گەیشتن بە خودموختاری سیاسی پێشنیار بکات. هەوڵەکانی ماکیاڤێللی دەربارەی جیای نێوان پرسی سیاسی و پرسی مەزهەبی، بووە هۆی ئەوە کە

ئەو بە "دژی ئـەخلاق" نـاو دەربكـات. ئـەم تۆمەتـەش، ناوبـــانگی ئـــەوی وەك نووســـەری كتـــێبی شـــاليار و "سياسەتڤانێكی وشك و دوربـين" زيـاتركرد. بـەلاّم دەبـێ بزانين كە هۆی رەخنەی ماكياڤێللی لە ئەخلاقی مەسـيحی ئەوەيە كە پێيوايە ئـەم ئەخلاقـە دەبێتـە هـۆی ئـەوە كـە تاكەكان گرنگی بە بەرپرسايەتی كۆمەلاّيەتی خۆيان نەدەن، ئەگينا ئەو دژايەتی ئەخلاق ناكات. ئەخلاقێك كە ئەو وەك پێوەر دايدەنێت، نێوەرۆكی مەدەنی هەيە و ئـەو پرەنـسيپە سياسييە قبوولّ دەكات كە دەبێ شارۆمەندانی هەر شـارێك لـــە بـــەر چـــاوی بگـــرن. بـــەمجۆرە، ئـــەخلاقی دلّخـــوازی ماكيـــاڤێللی، زيـــاتر لـــە كۆمەلّـــە ياســـايەك دەچـــێ كـــە پێكهاتـــەی پەيوەنـــدی نێـــوان شـــارۆمەندانی كۆمـــەلّێكی سياسی دياری دەكات. كەوابوو رەخنەی ئـەو لـە ئـەخلاقی مەســـيحی "هەولّێكـــە بـــۆ ئـــەوەی كـــە چـــەمكی مروڤدۆسـتی(هيومـانيزم) لـەجياتی چـەمكی گۆشـەگيری جێگير بكات".٥٧ چـونكە بـە رای ئـەو، هـۆی گەشـە و پێشچونی دەولّەتەكان لە گۆشەگيری خەلّكدا نيە، بەلّكو بـە هێزی خولّقێنەری ئەوانەوە بەستراوە. سياسەتڤان ناتوانێ بـە

کشانەوە لە ژیـانی سیاسـی، لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەت و پێکهێنـانی یاسـاکاندا سـەرکەوێت. بـە رەتکردنـەوەی کاروباری ئینسانی هیچ کارێکی سیاسی ناکرێت. کـەوابوو، سیاسەت، کاری خەڵکە نە کاری خودایان. هۆی ئەوەش کە ماکیـاڤێللی مەزهـەب وەك هۆکارێـك بـۆ سیاسـەت بـە پێویست دەزانـێ، هـەر ئەمەیـە. کـەوابوو، بـەڕای ئـەو، مەزهەب دەتوانێ هۆکاری پتەوکردنی دەسـەلاتی دەوڵـەت پێکبێنێ، چونکە " دڵبەسـتن بـە بـەڕێوەبردنی ئایینـەکان شیاوترین گەرەنتی گەشەی کۆمارەکانە".٥٨ هەر بەمهۆیە ماکیاڤێللی کاربەدەسـتانی پاشـایەتی و کۆمـاری ئاگـادار دەکاتەوە کە بۆ مانەوەی خۆیان گرنگی بە پرسی مەزهـەبی بدەن. ئەو دەڵـێ "کـەوابوو ئـەرکی سەرشـانی شـالیاران و سەرکۆمارەکانە کـە لـە بنـەما مەزهەبیـەکان پارێزگـاری بکەن، چونکە کۆشش بۆ مەزهەبی کردنی خـەڵك ئەوەنـدە دژوار نیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵك بـە پـاکی و یـەکگرتوویی بمێننـەوە".٥٩ ماکیـاڤێللی بـەم وتەیـە مروڤدۆستی ئەنجیلی کەسانێ وەك ئـەراسموس دەخاتـە ژێـر پرسیار. وەك دەزانین ئەم فەیلەسوفە لەسەر ئەو بـاوەڕە بـوو

کــە بــۆ بــەڕێوەبردنی کاروبــاری سیاســی دەســتەیەك لــە سیاســەتڤانانی مەســیحی پێکبێــت، لــە کاتێکــدا بــەڕای ماکیــاڤێللی، نــەزمی سیاســی لایــەنی مەزهــەبی نیــە، ئەگەرچی ئەو مەزهەب وەك دامەزراوەیەکی باش و بەکەڵك دەزانێ، بەڵام دەسەڵاتی دڵخوازی ئەو دەسەڵاتی مەزهــەبی نیــە. بناغــەی ئــەم دەســەڵاتە شــارەزایی و وشــیاری یاسادانەرانە "کە دەبێ زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی وڵاتی خۆیــان بکــەن نــە ئــەوە کــە بەرژەوەنــدی خۆیــان و نەوەکانیان بپارێزن". ٦٠ هەر کەس کە وڵاتی خــۆی خــۆش بوێ و خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، بێشك بیر لــە شانازی و ئوتۆریتەی خۆیــشی دەکاتــەوە. بێگومــان هــیچ هەڵسوڕانێکی سیاسی، کە بیەوێ تاك بۆ گۆشــەگیری هــان بدات، بە سەرکەوتن ناگــات. جگــە لەمــەش ماکیــاڤێللی ئــەزموونی مەزهــەبی ڕۆمــی کــۆن لــە ئاســت ئــەخلاقی مەسیحی دادەنێ و ئەوەی لــەم ئەزموونــەدا ســەرنجی ئــەو ڕادەکێــشێ دەوری مــەدەنی ئــەم مەزهەبەیــە. بــەڕای ماکیاڤێللی، ڕێکخراوی شاری ڕۆم لــە روانگــەی مەزهــەبی خۆیــەوە، ئــەزموونێکی باشــە و "دەتــوانین ئەندێــشەی

مەزهەبی رۆمــی وەك هۆكارێــك بــۆ ناســینی ئینــسانەكان بزانین".٦١ بە وتەیەكی تر لە كۆماری رۆمی كۆنـدا دەبـێ مەزهەب زیاتر وەك هۆكاری یەكخستنی كۆمەڵگا بزانین نە وەك هۆكارێك كە ژیانی ئەم جیهانە لەگەڵ ژیـانی جیهـانی دیكە جیادەكاتەوە. لە كۆمـاری رۆمـدا نـەریتی دەوڵـەت پرستیژێكی تایبەتی هەیـە چـونكە مەزهـەب شـەرعیەتی پێدەدات. لە كۆماری رۆمدا بەڕێوەبردنی ئـەركی مـەدەنی لە لایەن شارۆمەندانەوە گرنگی زۆری هەیە و، "خوداكـانی رۆم تەنیا لـە كـرداری دینیـدا كـە لـە رەهەنـدی زەمـەنی مرۆڤەكاندا بەئەنجام دەگـات، بەشـدارن..."٦٢ بەمپێیـە، كاتی سیاسی كاتی باقی كاروبارەكـان دیـاری دەكـات. لـە كۆمـاری رۆمـدا، كاروبـاری مەزهـەبی بـەهۆی ئـەخلاقی مەدەنی و بۆ چەسپاندن و راپەڕانـدنی بڕیـارە مەدەنیـەكان، دەردەكەوێت.

بەڵام هەر كەس كە باسی ئەخلاقی شار بكـات، بەوپێیـە باسـی چـالاكی مـەدەنی خـەڵكی ئـەو شـارەش دەكـات. بەمهۆیـە ماكیـاڤێللیش لـە كتـێبی وتارەكانـدا باسـای بەشـداری سیاسـی شـارۆمەندانی رۆم لـە ژیـانی شـاردا

راڤەدەکا و سەرنجی هاوچەرخانی خۆی بۆ گرنگی بەشداری خەڵك لە پاراستنی کۆماردا رادەکێشێ. ئەو دەڵێ "هەر کۆمارێك بیەوێت ڕەزامەندی خەڵك بەدەست بێنێت، دەبێ لە کۆماری رۆم پێڕەوی بکات. هەر شارۆمەندێك کە بیەوێت لە ئافەتی سیاسەت بەدوور بێت، دەبێ کرداری رۆمیەکان پێڕەو بکات".٦٣ ماکیاڤێللی جارێکیتر لە کتێبی وتارەکاندا (هەربەوجۆرە کە لە کتێبی شالیاردا کردویە) لەمەڕ دەوری گرنگی خەڵك لە پێکهێنانی دەسەلاتدا پێدادەگرێت. لە بیرمانە کە لە کتێبی شالیاردا هەمیشە ئەم شتە دوپات دەکاتەوە کە هەر دەوڵەتێك دەبێ ریز و سەرنجی خەڵك بەرەو خۆی رابکێشی تا بتوانێ بەردەوام بێت. بیرو ڕای ماکیاڤێللی لە کتێبی وتارەکاندا لەمەڕ خەڵك و چالاکیەکانیان لەئاست دەوڵەت دیسان دەبینینەوە. بەلام ئەو لەم کتێبەدا خەڵك وەك شارۆمەندانی رۆمی سەیر دەکات، واتە "خەڵکانێك کە گرنگی بە بەرژەوەندی گشتی و شانازی ولات دەدەن". بە رای ماکیاڤێللی ئەمانە خەڵکانێکن کە حکومەتی کۆمارییان لە حکومەتی پاشایەتی پێ باشترە. بەمهۆیەوە ئەو خەڵك

لەگەڵ شالیاران بەراورد دەکا و دەڵێ "ئەگەر کارە پڕشووورەیی و پڕشانازی خەڵك و شالیاران پێکەوە هەڵسەنگێنین دەبینین کە خەڵك لەوان زۆر لە پێشترترن. ئەگەر شالیاران تەنیا بەهۆی داڕشتنی یاساکان، دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهێنانی فۆرمێکی تازە لە حکومەت، خۆیان بە سەرتر دەزانن، خەڵك لە وان زۆر سەرترن، چونکە نەزمی سەقامگیرکراو دەپارێزن و شانازی یاسادانەران زیاتر دەکەن". ٦٤

ڕەنگە ئەم دێڕانە بۆ خوێنەری کتێبی شالیار جێگای سەرسوڕمان بێت، چونکە ئەوان ماکیاڤێللی بە کەسێکی لایەنگری سەڵتەنەت دەزانن. لە کاتێکدا هیچ وێنەیەك لەمە نادروستتر نیە ئەگەر پێمان وابێ کە ماکیاڤێللی لەم دوو کتێبەدا دوو قسەی جیاواز دەکات. ئەو بەردەوام — تەنانەت ئەو کاتەش کە حکومەتی خەڵك لەجیاتی حکومەتی شالیاری جێگیر دەکات - بە ڕوانگەی خۆی وەفادارە. لە کتێبی وتارەکاندا کەسایەتی دامەزرێنەری دەوڵەت، هەموو سەرنجی ماکیاڤێللی بۆ خۆی ڕاناکێشێ، بەڵکو گرنگی بە کەسایەتی هەڵسوڕاوان و کەسانێك دەدات

کە لە پێکهێنان و چەسپاندنی سیاسەتدا دەوری راستەوخۆ دەگێڕن. بە وتەیەکی تر ئەو لە کتێبی وتارەکاندا بیر لە پەیوەندی نێوان شالیار و خەڵك یان دامەزرێنەر و بکەری سیاسی، یان پەیوەندی نێوان دەوڵەت و شارۆمەندان دەکاتەوە، زیاتریش لە روانگەی شارۆمەندانەوە ئەم پرسە دەبینێ. لە کاتێکدا لە کتێبی شالیاردا ئەم پەیوەندییە لە روانگەی دەوڵەتەوە راڤە کراوە. کتێبی وتارەکان لە بناغەدا دەربارەی "کاروباری گشتی" (**res-publica**) - یانی لەمەڕ هەرێمی سیاسی ژیانی شارۆمەندان، باس دەکات.

کەوابوو مانەوە و بەردەوامی هەر کۆمارێك، بە پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان تێکۆشانی شارۆمەندان و هێزی یاساکانەوە بەستراوە. لەم رووەوە، بەرای ماکیاڤێللی، ئازادی، بەدەر لە سنورەکانی یاسا بوونی نیە، هەر چالاکییەك کە بەدەر لە سنوورەکانی یاسا بەڕێوەبچێ رەنگە بونیادی کۆمار بخاتە مەترسییەوە. بە وتەیەکی تر، نابێ شارۆمەندان لە نەزمی یاسا سەرپێچی بکەن. بەلاّم لە لایەکیترەوە، "هەر دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی دەرفەتی دەربڕینی داخوازییەکانی خەڵك، دەبێ

ڕێگایەکی ئەقڵانی بدۆزێتەوە. بەتایبەت، کۆمارەکان دەبێ گرنگی زیاتر بەم پرسە بدەن، چونکە لە کاتی تەنگانەدا بێجگە لە هێزی خەڵك هیچ هێزێکیتریان نیە". ٦٥

ئەرکی دەوڵەتە کە پێش بە هەر جۆرە توندوتیژی و کردارێکی شەڕانی بگرێ و ڕێزی تاك بپارێزێ، چونکە "هەر جۆرە توندوتیژی و کرداری شەڕانی، ترس و دڵەڕاوکێ پێکدێنی، کەسێکیش کە ترسابێت بەناچار بۆ کەرەسەیەك دەگەڕێ تا بتوانێ داکۆکی لە خۆی بکا و گروپێك بۆ پشتگیری لە خۆی کۆ بکاتەوە. بە سەرهەڵدانی ئەم گرووپە، کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەر گرووپە جیاجیاکاندا دابەش دەبێ و دەوڵەت بەرەو کرمۆڵی و داڕوخان دەچێ".٦٦ لە حکومەتی کۆماریدا، هەر شارۆمەندێك مافی هەیە کە کار و کردەوەی نایاسای ئەویدی سکاڵا بکات، بەڵام هیچ کەس بۆی نیە بۆ خۆی دادوەری بکا و سزای دیاریکراو لە یاسادا بەڕێوەببات. بەم شێوەیە دەبێ تۆمەتەکان لە بەردەم خەڵك یان لە بەدەم ئەنجومەن و داوەردا گەڵاڵە بکرێت.

ئەرکی یاسادانەریش دێتە سەر ئەرکی سیاسەتڤان و هەر ئەوە کە دەبێ کاری هەرە دژواری دارشتنی یاساکانی کۆمار ئەنجام بدات. بە هەر رادە کە یاسادانەر ئاقڵ بێت، بە هەمان رادە ئەو یاسایانەی کە بۆ پاراستنی نەزمی گشتی و هێمنی خەڵك دایدەرێژێ، کارامە دەبن. کەوابوو، هەبوونی یاسادانەر بۆ پاراستنی ژیانی کۆمار پێویستە. ئەگەر یاسادانەر تێنەکۆشێ، کۆمار لەگەڵ زۆر دژواری بەرەورووو دەبێ، وەك دەزانین یاسای بنەرەتی (دەستور)، تەنیا گەرەنتی ماف و ئازادییەکانە. "هەموو یاسادانەران کە بۆ کۆمارەکان دەستوری ئەقلانیيان نووسیوەتەوە هەردەم بە وشیاریەوە چەندیان ئۆرگانیان بۆ پاراستنی ئازادییەکان پێکهێناوە، بەپێی دروستی یان نادرووستی و، سازگاری یان ناسازگاری ئەم ئۆرگانانە لەگەڵ هەلومەرجی راستەقینە، تەمەنی ئازادی کورت یان درێژ بووە".٦٨ کەوابوو تێدەگەین کە ماکیاڤێللی تا چ رادە رۆڵی یاسادانەر بۆ حکومەتی کۆماری بە گرنگ دەزانێ. ئەم تێزە لەمەڕ حکومەتی سەڵتەنەتیش راستە. لەم جۆرە حکومەتەدا هێز و بەردەوامی یاساکان بە ژێری شالیارەوە بەستراوە. دامەزراندنی هەر دەوڵەتێك پێویستی بە

یاسا و دەستور هەیە، گەشە و هەڵدان و شـکۆمەندی هـەر دەوڵەتێك بە رادەی تۆکمەیی و نەرم و نیانی ئەم یاسـایانەوە بەستراوە. کەوابوو دەبێ بتوانین هەر یاسایەك بـە وادە چـاك بکەین هەر چەند رێژی چاکسازی کەمیش بێـت. بەمهۆیـە دەبێ "یاسای هەر دەوڵەتێك لە کـاتی ناکارامەییـدا، یـان پێش ئەوەی کەموکوڕی ئاشکرا بێـت، بـە یـەکجاری یـان بەشێنەیی بگۆڕدرێـت".٦٩ بـەلاّم زۆرجـار گـۆڕینی هـەر یاسـایەك پێویـستی بـە پـلان و بەرنامـە بـۆ چاکـسازی رێکخستنی سیاسی وڵات هەیە. بە تایبەت ئەوەی کـە لـە دەوڵەتــە گەندەڵەکانــدا، دەســتور نــاتوانێ ئازادییــەکانی شارۆمەندان بپارێزێت. بەلاّم "کاری نوێکردنەوەی بەشێنەیی دەستور دەبێ بەهۆی کەسـانێکی ئاقـڵ و ژیـرەوە بەئـەنجام بگات، کەسانێك کە بتوانن کەموکوڕیەکان لـە سـەرەتادا و بەر لە دەرکەوتن. رەنگە ئەم جۆرە کەسانە لە وڵاتـدا پەیـدا نەبن، یان ئەگەر پەیداش بن، رەنگە نەتوانن خەڵکی تـر لـە بوونی کەموکوڕییەکان رازی بکەن، چونکە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ هەندێ نۆرم و نەریت راهاتوون، ملدان بە گۆڕینی ئــەو نەریتانــە ئێجگــار دژوارە. بەتایبــەت کاتێــك کــە

کەموکوڕییەکان نادیار و تێکەڵ بە شك و گومان بن".٧٠ کەوابوو پێویستە کە دامەزرێنەران - یاسادانەرانێکی نوێ بە دەسەلاّت بگەن تا لە یاسا و پێکهاتەی دەوڵەتدا ئالّوگۆڕ پێکبێنن.

بەلاّم تەندروستی هەر کۆمارێك و رزگارکردنی لە دەست گەندەڵی و فەساد تەنیا بە وشیاری سیاسەتڤان یان حوکمڕانێکەوە نەبەستراوە، بەڵکو لێوەشاوەیی و زیرەکی شارۆمەندانیش لەم پرسەدا رۆڵی هەیە. یانی "هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە حکومەتی کۆماریدا ئالّوگۆڕێك پێکبێنن، دەبێ بەو پەڕی وردبینی تێبگەن کە ئەو کۆمارە لە چ هەلومەرجێك دایە و بەمپێیە، دژواری و هەستیاری کارەکەیان دەرك بکەن، چونکە بە هەمان رادە کە ئازادکردنی گەلێك کە دەیەوێ بە کۆیلەیەتی بمێنێتەوە دژوار و مەترسیدارە، بە هەمان رادەش کۆشش بۆ کۆیلەکردنی گەلێك کە دەیەوێ بە ئازادی بژی، دژوار و مەترسیدارە".٧١

کەوابوو تا کاتێ کە شارۆمەندانی کۆمارێك لە گەندەڵی بەدوور بن، مەترسی لە ناوچوون هەڕەشەیان لێناکات، تا

کاتیَ که دەوڵەتێك ئازادی شارۆمەندانی خۆی بێکبێنێت، ئەوان لە مەترسی گەندەڵی و لەناو چوون دەپارێزێت. "ئەزموونەکان پیشان دەدەن کە گەلێك قەت نەیتوانیوە سامان و دەسەلاَتی خۆی زیاد بکات مەگەر ئەوەی کە حکومەتێکی ئازادی بووبێت. کاتیَ که یۆنان لە ستەمی پیسیس تراتیدسەکان رزگار دەبیَ و لە ماوەیەك کەمتر لە سەد ساڵدا دەتوانیَ بە ئاستی بەرزی گەشە بگات، دەبیَ ستایش بکریّت. بەلاَم لەمە شکۆدارتر پلەیەکە بەرزە کە رۆم — پاش لابردنی پاتشاکانی - پێی گەیشت".٧٢ ستایشی ماکیاڤێللی لە شارۆمەندانی رۆم تەنیا شتێکی سادە نییە. ئەرکی هەر خوێنەرێکی بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی ئەوەیە کە دروستی ئەم کارەی ئەو لە پێوەند لەگەڵ دۆخی سیاسی کۆمەڵگای رۆمدا تاووتویَ بکات.

ئەگەر لەم روانگەوە سەیری مێژووی رۆم بکەین دەبینین کە نووسراوەی پر مەدح (پیاهەڵگوتن)ی مێژوونووسانی کۆنی مێژووی کۆماری رۆم، راستی میکانیزمی چەسپاندنی دەسەلاَت لەم کۆمەڵگایەدا دەشارنەوە. لەم بارەوە دەتوانین ئەندێشەکانی "پولیبوس" دەربارەی شاری

رۆم بــه نموونــه بێنینــەوه. "لــه بەشــی شەشــەمی کتــێبی مێژووی ئــەودا چــەندین لاپــەڕه دەبیــنین کــه بابەتــەکانیان ئێجگار ئالۆزه. ئەو لەم لاپەڕانەدا زۆر چەمکی شێوەتیۆری و ناکۆك که له خوێندنگەی تایبەت به هونــەری وتەبێژیــدا وەك دەرس دەوترانــەوه تێکــەڵ دەکــات (لــه ســەردەمی یۆنانیگەریدا، ئەندامانی چــینی باڵادەســت، کــه ئەنــدامی گرووپی ئــاخنی بــوون، منداڵــەکانی خۆیــان دەنــارده ئــەم مەکتەبانــه). ســەرئەنجام پۆلیبــوس ناتوانێــت وێنەیــەکی دروســت لــه پێکهاتــەی دەوڵــەتی رۆم بەدەســتەوه بــدات. شرۆڤەی زەینی ئەو که پڕ لاف و بێنێوەرۆکه دەبێتــه هــۆی ئەوه که ئەو نەتوانێ چوارچێوەی ناسکی ژیانی سیاســی رۆم - که له تێکڕای ئەو سەردەمه هۆکاری درێژەی حکومــەتی ئاریستۆکراسی پێکهێنابوو- ببینێ".٧٣ به رای پۆلیبــوس چالاکی کۆمەڵانی خەڵك له بەڕێوەبردنی کاروباری سیاســی رۆمدا دەوری هەره گرنگی هەبووه. له کاتێکا کــه دەزانــین که بەشی خەڵك له کۆماری رۆمدا زۆر کەم بــووه، چــونکه دەسەڵات بەردەوام له لایــەن گرووپێکــی بــچووکەوه پــاوان کرابوو. له کۆماری رۆمدا، ســەرکرده راســتەقینەکان هــەر

هەمان داوەرانن کە بەناوی خەڵکەوە حکومەت دەکەن و خەڵك قەت وەها دەرفەتەیان بۆ نارەخسێ. لە رۆمدا دارشتن و بەڕێوەبردنی یاساکان، لە دەستی شارۆمەنداندا نەبوو. لەم بارەوە کۆماری رۆم لەگەڵ شاری ئاتێن(ئەسینا) جیاوازی بنەڕەتی هەیە. ئاتێن تەنیا مۆدێلی دیموکراسی لە سەردەمی کۆن دایە. بەڵام دەبێ بزانین کە پێڕەو نەکردنی دیموکراسی لە کۆماری رۆمدا، زیاتر بەئەنقەستە. هەر لەو کاتەدا کە ئاتێن دیموکراسی قبووڵ دەکات، رۆم سەرپێچی لێدەکات. هەموو شارۆمەندانی رۆم لەمەڕ لابردنی بیر و بەڕێوەنەبردنی دیموکراسی بەرپرسن. کەوابوو مێژوونووسانی کۆن کە لە رۆمدا دەژیان، لە بەرهەمەکانی خۆیاندا نە هەر باسی ئەم پرسە ناکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، لە نێوان نووسراوەکانی ئەوان و دۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی کۆماری رۆمدا جیاوازی زۆرە.

ماکیاڤێللی سەرەڕای ئەوەی کە گرنگی ئەم پرسەی بەقووڵی دەرك کردووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی پێ ناکات. بە رای ئەو "دەبێ لە ئاست رەخنەگران داکۆکی لە رژێمی رۆم بکەین. ئەو لەم بابەتەوە سانسۆر بەکار دێنێ و باسی

ئـەم رەخنەگرانـە ناكـات". ٧٤ سـەرەڕای ئەمـەش نابـێ ستایشی ماكیاڤێللی دەربارەی كۆمـاری رۆم بـە ستایـشی دیكتـاتۆری بـزانین. ئـەوەی لـە كۆمـاری رۆمـدا سـەرنجی ماكیاڤێللی رادەكێشێ، هـەم لایـەنی یاسـایی رۆمـە وەك كۆمارێك، هەم دەسـەلاتی سـەربازی رۆمـە وەك شـارێكی جەنگاوەر. ئەو دەیـەوێ هـەم پرەنـسیپی مـەدەنی و هـەم رێزدانان بۆ نەزمی گشتی كە لە رۆمدا هەبوو، لە ئیتالێـای سـەردەمی خۆیـدا بدۆزێتـەوە. كـەوابوو، ئـەوەی لای ماكیـاڤێللی گرنگـی هەیـە هـاودەنگی و یـەكێتی شـارۆمەندانی جڤـاتێكی سیاسـییە. ئـەو جـۆرە كـە لـە پێشەكی مێژووی فلۆرانس دا دەڵێ: "دەرسـی بەسـوود بـۆ ئەو شارۆمەندانەی كـە دانیـشتوی كۆمەڵگـەی كۆمـارین، ناسینی ریشەی رق و قین و دووبەرەكییە، تا لـە تیاچـوونی خەڵكیتر ئەزموون وەربگرن و ئاقـڵ بـن و بتـوانن یـەكێتی خۆیان بپارێزن". ٧٥ بەم شێوەیە دەبیـنین كـە ماكیـاڤێللی تێدەكۆشـێ تـا لـە سـەرەوەی كێـشە و ناكۆكییـەكان كـە كۆمـەڵی مرۆڤـی لـەت لـەت دەكـەن، لەمـەڕ پێویـستی پێكهێنانی لێوەشاوەیی و توانای مـەدەنی - كـە بـوێری و

هێزی تێکۆشان بە هاوڵاتییـان دەبەخـشێ تـا بـۆ گەشـەی ولاّت هەوڵ بدەن — پێداگری بکات. بەمهۆیە بە ڕای ئەو - سیاسەت هونەرێکـە بـۆ کۆکردنـەوە و یەکخـستن، نـە بـۆ دووبەرەکی و لێکدابڕان. بەلاّم دەبـێ سـەرنج بـەم خالّـەش بـدەین کـە بـە رای ماکیـاڤێللی، هونـەری کۆکردنـەوە و یەکخستنی ئەندامانی کۆمەڵگا، بـە مانـای "ریزخـستنی جەماوەر" نیە، چونکە بزاڤی ئەم خەڵکە دەبێتە هۆی ئـەوە کە چالاکی تاکیی شارۆمەندان لە کۆمەڵگەدا نەپـشکوێت. بۆ تەندروستی کۆمەڵگا هیچ دابڕانێـك پڕزیـانتر لـەم شـتە نیە. بەمهۆیەوە، ماکیاڤێللی، فێرکاری پرەنسیپی مـەدەنی لە ناوەنـدی ئەندێـشەی سیاسـیی خۆیـدا دادەنێـت. هـیچ شارێك بە بێ شارۆمەندانی ئاقڵ، پێکنایە و هەر کەس کـە باسی شارۆمەندان دەکات بیر لە فێرکاری پرەنـسیپی ژیـانی مەدەنی دەکاتـەوە. لـە داوێـنی ئـەو پرەنـسیپانەوەیە کـە "سیاسەتی هاوسەنگی" لـەدایك دەبـێ و گەشـە دەکـات. ئامانجی سەرەکی بەرهەمـەکانی ماکیـاڤێللی ئەمەیـە کـە ئەندێشەی بەرزی دامەزرێنەران - یاسـادانەرانی سـەردەمی کۆن بۆ خەڵکی سەردەمی رێنیسانس راڤە بکـات. بـە رای

ماکیاڤێللی، چونکە مرۆڤ دەبێ لە کۆمەڵگەی سیاسیدا بژی، ئەرکی ئەوەیە کە ڕێگای پتەوکردنی ئەو جڤاتە ببینێتەوە.

دەتوانین لە ڕوانگەی ماکیاڤێللی وانەیەکی گەورە فێر بین، ئەویش ئەوەیە کە: تۆکمەیی کۆمەڵگە بە بێ ئازادی سیاسی ئیمکانی نییە، هەر وەك ڕیمۆن ئارۆن دەڵێ: "ئازادی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان لێوەشاوەیی پێویست بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە بەدەست بێنن و ببن بە شارۆمەند. ئازادی سیاسی، مرۆڤەکان ناکاتە کەسانێکی دەستەمۆ، یان کەسانێکی ئاژاوەگێڕ، بەڵکو دەیانکاتە کەسانێکی بەرپرس و ڕەخنەگر".

# سیاسەت لە روانگەی ماكیاڤێللییەوە

لە وتارەكانی پێشوودا تێكۆشاین تا بیروبۆچوونی سیاسی ماكیاڤێللی لە رووی بنەماییەوە لە فۆرمێكی تاقانەدا باس كەین. هەر وەها هەوڵماندا تا لایەنە جۆراوجۆرەكانی قووڵیی و رەسەنایەتی ئەندێشەی ئەو لە رێگەی لێكدانەوەی دوو بەرهەمی ئەو ( شالیار و وتارەكان)ـەوە روون بكەینەوە.

قەیرانێك كە هەر ئێستا بەرۆكی سیاسەتی گرتووە، تەنیا رژێمە سیاسیە جۆراوجۆرەكان ناگرێتەوە، بەڵكو زیاتر قەیرانێكە كە چەمكی سیاسەتی گرتۆتەوە. ئەوە كە ئەم چەمكە تا چ رادەیەك راستییەكانی جیهانی ئێستا دەردەخات، پرسێكە كە خۆی بناغەی ئەم قەیرانەیە. هەر بەمهۆیە داوەری لەمەڕ پەیوەندی ئەم دووانە(سیاسەت و جیهان)، بە جیاكردنەوەی ئەم دووانە، بێگومان یەكەم هەنگاوە لە لێكدانەوەی ئەم قەیرانەدا. بەڵام جیایی نێوان چەمكی سیاسەت و دۆخی سیاسی، بە مانای جیایی

بەستێنی ئەندێشە لە بەستێنی پراکتیکی سیاسی نیە. گرنگ ئەوەیە بیرکردنەوە لەمەڕ چەمکی سیاسەت بەپێی دیاریکردنی سنووری راستیەکان بێت.

بە سەرنجدان بە ریشەی یۆنانی وشەی سیاسەت (پۆلیتەیا) دەتوانین تێبگەین کە سیاسەت هەمیشە بە واتای زانست یان هونەری بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات بەکار نەهاتووە. لە یۆنانی کۆندا سیاسەت بە واتای بەشداری شارۆمەندان (پۆلیتایی) لە بەڕێوەبردنی کاروباری شار (پۆلیس)دا بووە. کەوابوو لەو کاتەدا چەمکی سیاسەت هەم کۆمەڵی شارۆمەندان و هەم یاسا و دەستور، یانی پێکاتەی شاری دەگرتەوە. هەر بەمهۆیە بیرمەندێك وەك ئەرەستۆ، سەرەڕای ئەوەی بیرمەندێکی سەدەی چواری پێش زایینە، بەڵام ئەندێشەی سیاسی دۆخی سیاسی سەدەی پێنجی پێش زایین بەیان دەکات. ئەو لە بەشی یەکەمیناميلکەی سیاسەت دا، شار وەك "جڤاتی سیاسی" باس دەکات. مەبەستی ئەو لە "کۆمەڵی سیاسی" فەزایەکە کە تاکەکان وەك شارۆمەند لە رێکخستنیدا پێکەوە بەشداری دەکەن. بە رای ئەرەستۆ،

ژیانی کۆمەلاّیەتی و ژیانی سیاسی لێکجیا نین، هەرجۆرە کە لە نێوان پرسی تایبەتی و پرسی گشتیدا جیاوازییەك نیە. سیاسەت لێرەدا بە واتای گشتێکە کە هەموو رەهەندەکانی ژیان دەگرێتەوە. لەڕاستیدا لە کۆمەڵی ئاتێنی سەدەی پێنجەمی پێش زایینداد، دۆخی سیاسی لە چەمکی واقعی سیاسەت جیا نیە. "وتاری مردوەکان"ی پریکلیس کە توسیدیوس لە بەشی یەکەمی بەرگی دووهەمی شەڕی پلۆپۆنز دا باسی دەکا، بەرچاوترین نموونەی ئەم پرسەیە. پریکلیس لە بەشێك لە وتارەکەی خۆیدا بە شارۆمەندانی ئاتنی ئەڵێ: " لەڕاستیدا ئێمە کۆمەڵێك مرۆڤین کە پێمانوایە ئەو کەسەی کە لە سیاسەتدا بەشداری ناکات، شارۆمەندێکی بێسوودە، نە شارۆمەندێکی هێمن و گۆشەنشین. چونکە ئێمە هەموومان لە حکومەتی شاردا بەشداری دەکەین، هەم بە دەنگدان و هەم بە پێشنیارەکانمان".٧٦

ئەگەر ئێستا سەرنجی پەیوەندی نێوان چەمکی سیاسەت و دۆخی سیاسی سەردەمی نوێ بدەین، بە رۆشنی دەبینین کە دۆخی سیاسی هەقیقەتی چەمکی سیاسەت لە خۆیدا

ناگونجێنێ، کەوابوو چەمکی سیاسەت ناتوانێ بەرپرسایەتی فکری ئەم دۆخە قبوول بکات. لەم رووەوە سیاسەت ئاوێنەی کاروباری کۆمەڵگە نیە، بەڵکو وەك ئۆرگانێکی جیاواز لە تەنیشت پرسەکانی کۆمەڵ دەوەستێ، یان وەك دێوێکی ئەفسانەیی بە یەکجاری کۆمەڵگا هەڵدەلووشێ. بە هەر حاڵ شارۆمەندان هەڵسووڕاوانی بواری سیاسەت نین، بەڵکو بابەتی سیاسەتن. بە مانایەکی تر سیاسەتڤانان و شارۆمەندان تاکە فاکتێك پێکنایەنن. بەڵکو دوالیزمێك دەخولقێنن کە لە جیایی بواری سیاسەت لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. لە پاش سەدەی هەژدەهەم بەملاوە وێنەیەك لەم جیاییە لە جیایی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینین. لێرەدا پرسی ئازادی تاکی بەشێوەی سەربەخۆیی کۆمەڵی مەدەنی لە ئاست دەوڵەت دێتەگۆڕێ. لە جیهانی مۆدێرندا تایبەتمەندی ئازادی ناوەڕۆکی تاکی ئازادییە، لە کاتێکدا لە دنیای کۆندا ئازادی پرسێکی کۆیی و گشتییە. بەمجۆرە، ئامانجی سیاسەتی مۆدێرن بێجگە لە دابین کردنی خواست و پێویستییەکانی تاك لە کۆمەڵی مەدەنیدا شتێکیتر نیە. لە

بەرانبەردا تاك بە بەشداری ناڕاستەوخۆ و کـورت مـاوە لـە سیاستدا، نێوەنجییەك بە ناوی "دەوڵەت" لـەنێوان خـۆی و کۆمەڵگەدا دیاری دەکـات. لەڕاسـتیدا ئـەو مەودایـە کـە ئۆرگـانی دەوڵـەت لـە ئۆرگـانی کۆمەڵگـە جیادەکاتـەوە، ناوەڕۆکی دەسـەڵات پیـشان دەدات. کـەوابوو کاتێـك ئـەم مەودایە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا دابڕانێك دروسـت دەکـات، دەوڵـەت وەك پێکهاتەیـەکی ئۆرگانیـك هـەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە (بوارەکـانی ئـابووری - یاسـایی و فەرهـەنگی) دەخاتـەژێر دەسـەڵاتی خـۆی، لـەم کاتـەدا دەسـەڵات نـاوەڕۆکێکی توتـالیتر(گـشتخواز)ی هەیـە. دەسەڵاتی توتالیتر ناوەڕۆکێکی بان - کۆمەڵایـەتی هەیـە. یانی، حیزبێك، یان گرووپێك، یان تاکێك کـە خـاوەنی ئـەم دەسەڵاتەیە، بەدەر لە کۆمەڵگە جێگیر دەبـێ. هـەر چـەند کـە دەسـەڵاتی توتـالیتر لەگـەڵ کۆمەڵگـە پێوەندییـەکی ئایدیۆلۆژیك و هێمایی هەیە، یانی ناوەڕۆکی بیر و کـرداری خۆی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەچەسپێنێ، بـەڵام بـە رای ئەم دەسەڵاتە تاکەکانی کۆمـەڵ کەسـانێکی پێنەگەیـشتوو (صغیر) ن، هەر بەمهۆیەوە تاك لە کۆمەڵگـەی توتـالیتردا

خاوەن پلە و پێگـەی یاسـایی نییـە. هـەر وەك دەبیـنین، لێرەدا ئەرکی دەوڵەت نییـە کـە ویـست و پێویـستیەکانی تاکـەکان دابـین بکـات، بـەڵکو تاکـەکان دەبـێ بەشـێوەی جۆراوجـۆر سـەرەڕۆیی دەسـەلاتی توتـالیتر پێـڕەو بکـەن. کەوابوو، ئەگەر سیاسەت لە کۆمـەڵی تویـالیتردا تێکـڕای کۆمەڵ دەگرێتـەوە، بـەلاّم - سـەرەڕای یەکدەسـت کردنـی دەوڵەت و کۆمـەڵی مـەدەنی (یـانی هـەرێمی تایبـەتی و هەرێمی گشتی) - بەپێـچەوانەی دۆخـی کـۆن، پرسـێکی گشتی نییـە. کۆمـەڵی توتـالیتر، کۆمـەڵێکی سیاسـییە، چـونکە سیاسـەت تـەوەری سـەرەکی ژیـانی تاکـەکانی کۆمەڵگا پێکدێنی. بەلاّم ئەم تاکانە نە وەکـو شـارۆمەند، بـەڵکو وەك مرۆڤـی پێنەگەیـشتوو (صـغیر)، بـە تـرس و لـەرزەوە سیاسـەتی کۆمەڵگـەی توتـالیتر قبـووڵ دەکـەن. بەمهۆیـە بـە رای ئـەم کەسـانە چـەمکی توتالیتـاریزم و چەمکی سیاسەت هەر دوویـان یـەك شـت بـەیان دەکـەن. کەوابوو رەتکردنەوەی دۆخی سیاسی توتالیتاریزم، بـەمانای رەتکردنـەوەی چـەمکی سیاسـەتە. سـەرەڕۆیی سیاسـەتی توتـالیتر و دەسـەلاّتی هەوسارپـچڕاوی بەسـەر هـەموو

بوارەکانی تـری کۆمەڵـدا، جـارێکی تـر ئێمـە لـە ئاسـت مۆدێلی "خودموختاری سیاسەت"ی ماکیاڤێللی دادەنـێ. ئـەوە کـە تـا چ رادەیـەك ئـەم خودموختارییـە هۆکـاری سەرهەڵدانی ئۆرگانێکی دەسەلاتی نوێ پێکدێنێ - کە بـە نـاوی دەوڵـەت سیاسـەتی لـە نێـوەرۆکی گـشتی خـۆی داماڵیوە، فۆرمێکی ستراتیژیکی پێدەدات - پرسێکە کـە تەوەری سەرەکی ئەندێشەی ماکیاڤێللی پێکدێنێ. هـەوڵی ماکیـاڤێللی بـۆ پێناسـە و دیـاریکردنی چـەمکی تـازەی سیاسەت لە قاڵبی دنیا و مرۆڤی نوێ دا دەردەکەوێ.

لەڕاستیدا ماکیاڤێللی تووشی قەیرانێکی سیاسی هـاتووە کە ئاکامی گۆڕانی سیـستمی کۆسمۆلـۆژیکی ئەرسـتۆیی و روخانی پێکاتەی ئەنتۆلۆژیکی ئەوە کە بە درێـژایی نـۆزدە سەدە دەیویست "دیاردە سروشتیەکان رزگـار بکـات". زۆر ئاسـایی بـوو کـە مـرۆڤ بـە لـە دەسـتدانی سـەنتەری کۆسمۆلۆژیکی خـۆی لـە شـوێنی دیـاریکراوی ئەرەسـتۆیی سروشت دەرباز بـێ و بـەجۆرە پێویـستی بـە روانگەیـەکی سیاسی تازە هەبێ کە بـە سـەرنجدان بـە پەیوەنـدی تـازەی نێوان مرۆڤ و جیهانی تازە پێکهاتوو، پەیوەندی نێوان ئەو و

هاوڕەگـەزەکانی لـە کۆمەڵـدا دیـاری بکـات. ئامـانجی ماکیـاڤێللی لــە پێناســەکردنی چــەمکی سیاســەتدا، بیرکردنـەوە لەمـەڕ دۆخێکـی سیاسـییە کـە بـە رای ئـەو پیشاندەری سیـستمی نـوێی جیهانـە. ماکیـاڤێللی یەکـەم بیرمەندێکە کـە بـە دیـاریکردنی چـەمکی سیاسـەت وەك رۆڵی ستراتیژیکی دەسەڵات، ڕێگای تیۆری سیاسی مۆدێرن هەموار دەکات. ئەو تێدەکۆشێ تا ئـاڵۆزی و ناهاوسـەنگی سیاسـی پـاش لێکپـچڕانی سیـستمی مـەعریفی دنیـای ئەرەستۆیی هاوسەنگ بکات. لەڕاسـتیدا فـۆرمی تـەواوی ئەم هاوسەنگییە لە بینای معماری سیاسەتی ئەقلانی هـابز دا دەبینین کـە بـەپێی ئـاڵوگۆڕی ماکیـاڤێللیی سیاسـەت پێکهاتووە. بە وتەی لیۆ شتراوس: " گرنگتر لە کریـستۆف کلۆمب، ماکیاڤێللی سـەرزەمینێکی دۆزییـەوە کـە هـابز دۆکترینی خۆی لەسەر ئـەو داڕشـت". ٧٧ ئامـانجی هـابز زانستیکردنی سیاسەت بەهۆی میتۆدی بیرکاری گالیلەوەیە کە بۆ دواین جار بیری فەلسەفی هیگـڵ لـەودا دەچەسـپێ. بەڵام سیاسەتی زانستی هابز هەلومەرجی بوونی خـۆی لـە سـاتی ماکیـاڤێللیی گەڕانـەوە بـۆ بـواری کـاری سیاسـی

مرۆڤەکاندا پەیدا دەکات. بەمپێیە، ئەندێشەی سیاسی ماکیاڤێللی پێکهێنەری "مێژووگەرییەی پراکتیکیە" کە لەودا چەمکی سیاسەت دۆخێکی سیاسی نوێ دیاری دەکات. لە ڕوانگەی ماکیاڤێللییەوە ئەم "مێژووگەرییە پراکتیکییە" نێوەڕۆکی مێژووی کرداری مرۆڤەکان لە کۆمەڵدا بەیان دەکات. بەڵام ئەوە کە نێوەرۆکی مێژووی دۆخێکی سیاسی تا چ ئاستێك چەمکی نوێی سیاسەت دیاری دەکات، پرسێکە کە لە کتێبی شالیاردا دەبینرێ.

توێژینەوەی کتێبی شالیار یارمەتی داین تا چەمکی "سیاسەت" لە پێوەندی لەگەڵ دوو چەمکی "دەسەڵات" و "دەوڵەت"دا دیاری بکەین. وەك وتمان بە رای ماکیاڤێللی، سیاسەت، سیستمی چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتە. لەم روانگەوە، دەسەڵات، وەك بزوێنەری سەرەکی وەگەڕخستن و چالاکی دامەزراوە دەوڵەتیەکان دەردەکەوێ. بە وتەیەکیتر، دەوڵەت تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا بوونی هەیە. دەسەڵاتی دەوڵەتیش تەنیا بەهۆی ئۆرگانی کۆمەڵایەتییەوە دەچەسپێ. کەوابوو نێوەڕۆکی دەوڵەت هەرچی بێت، رۆشنە کە هیچ کۆمەڵێك بە بێ نەزم و

پرەنسیپ رێکناخرێت. چونکە تەنانەت پڕ بشێوەترین کۆمەڵی مرۆیش جۆرێك نەزمیان هەیە. ئەگەر نەزمی کۆمەلاّیەتی نەبێت، ژیانی کۆمەلاّیەتیش دەفەوتێ. دەکرێ بڵێین کە نەزم هۆکاری یەکخستنی کۆمەڵی سیاسییە. بەمپێیە، هەر دەسەلاّتێك بۆوەی کە دەسەلاّت بێت، پێویستی بە نەزم هەیە و، هەر دەسەلاّتێکیش نەزمی تایبەت بەخۆی پێکدێنێ. لە دیموکراسیدا، نەزمی یاساکان زاڵە، کەچی لە دەسەلاّتی دیسپۆتیك و چەوسێنەردا، نەزم بە زەبری چەك و بە توندوتیژی پێکدێنن. لە هەر کام لەم دوو حکومەتەدا نەزم هەیە، بەلاّم لە یەکیاندا بەهۆی رێزگرتن لە یاسا لە لایەن شارۆمەندانەوە نەزم پێکدێ و، لە وی تردا بەهۆی ترساندنی شارۆمەندان لە دەسەلاّتی دەوڵەت. ناکرێ ئالۆزی هەر نەزمێك تەنیا بەهۆی کارکردنیەوە دیاری بکەین بەڵکو پاراستنی ئەو نەزمەش دەوری هەیە. بەمپێیە، سەقامگیری سیاسی، زیاتر بەرهەمی درێژە و بەردەوامی نەزمە.

لەم بارەوە وتەکانی ماکیاڤێللی بە تەواوی راست و دروست دەنوێنێ. دەتوانین کتێبی وتارەکان بە کتێبێك

بزانین کە تێدەکۆشێ نەزمی کۆماری تـاووتوێ بکـات. لـە حکومەتی کۆماریدا، پرەنـسیب، لەگـەڵ ویـستی ئـازادی تێکەڵاوە. بە رای ماکیاڤێللی، کۆمار رژێمێکە کـە لـەودا نـەزم بـە باشـترین پێکـدێت تـا "پرسـە گـشتییەکان" بـچەسپێت. هـەر بـەم هۆیـە، ماکیـاڤێللی سـەبارەت بـە مەترسـییەك کـە گەنـدەڵی بـۆ مانـەوەی هـەر کۆمارێـك هەیەتی، پێداگری دەکات. مۆنتسکیۆ لە بەشـی سـێهەمی بەرگی سێهەمی روح القوانین دا، هەر ئەم بەڵگاندنـە درێـژە پێدەدات. گەنـدەڵی، یـانی کـەڵك وەرگرتنـی خـراپ لـە دەسەڵات. بە وتەیەکیتر، دەسەڵاتداران، ئەو مافە بە خۆیان دەدەن تا بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان یاسا پێـشێل بکـەن، هیچ کۆمارێك بـەدی ناکـەین کـە سـەرەڕای یاساشـکێنی توانیبێتی درێژە بە دەسەڵات بدات. کۆماری بێیاسـا یـان دەڕۆخێ یان تووشی سەرەڕۆیی و ستەمکاری دەبێت. ژیانی سیاسی لە هەر کۆمارێکدا بەپێی یاساکان درێـژەی دەبـێ. لە کۆماری رۆمدا، هەر ئەم هەوڵە کە بـۆ یاسـامەندکردنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی ئـەنجام دراوە، سـەرنجی ماکیـاڤێللی رادەکێشێ. بەڵام هەروەك پێشتر وتمان، ماکیـاڤێللی پرسـی

هەقیقی بوونی دیموکراسی رۆم باس ناکات. ئەو تەنیا بەم شتە رازی دەبێت کە کار و چالاکی ئۆرگانەکانی رۆم لە هەموو لایەنێکی سیاسی و سەربازیدا راڤە بکات. بە رای ماکیاڤێللی، تا کاتێ کە دەتوانین رۆم وەك نمونەی بەرزی نەزم و تەبایی سیاسی و سەربازی بزانین، ئەم شتە گرنگ نیە کە ئەو شارە دیموکراتیك بووە یان کۆماری ئولیگارشی. کەوابوو نابێ ماکیاڤێللی بە بیرمەندێك بزانین کە تەنیا بیر لە دیموکراسی دەکاتەوە، چونکە ئەندێشەی ئەو زیاتر بواری سیاسەت دەگرێتەوە، نە لێکدانەوەی تیۆرییەکی سیاسی تایبەت. کەوابوو ئەو پێکهێنانی کۆمار بە گەشەی بەها ئەخلاقی و کۆمەلاَیەتیەکان دەزانێ.دابڕانی ئەو لە رەوتی سیاسی چاخی ناوەڕاست، پاش خوێندنەوەی مێژووی چاخی کۆن دەردەکەوێ. بە رای ماکیاڤێللی، یەکێتی، بەردەوامی، گەشەی کۆمار بەهۆی شێوەی کاری سیاسی ئۆرگانەکانیەوەیە. هەموو هەولّی سیاسی ئەو بۆ ئەوەیە کە ئۆرگانەکانی کۆماری فلۆرانسی سەردەمی خۆی بەوجۆرە بن. لەم چوارچێوە دایە کە بەراوردکاری ئەو لەمەڕ کۆماری رۆم و کۆماری فلۆرانس مانا پەیدا دەکات. ئەو نایەوێ تا

لەنێوان گیانی مەدەنی کۆمەڵی کۆن و ئۆرگانە تازەکان دا، سازگاری پێکبێنێ، بەڵکو هەوڵی ئەو ئەوەیە تا گەوهەر و مانای هاوسەنگی نێوان دەوڵەت و ئۆرگانەکان کە لە دوو دنیای یۆنانی - رۆمی دا هەبووە، دەرك بکات و لە فلۆرانسی سەردەمی خۆیدا بەکاری ببات. ماکیاڤێللی بۆ ئەم مەبەستە، بۆچوونی سیاسی کۆن دەڕوخێنێ تا بناغەی خودموختاری سیاسی فلۆرانس دابڕێژێ.

بە رای ماکیاڤێللی، تاقە ئامانجی سیاسەت، پۆلینبەندی چالاکی سیاسی نیە، بەڵکو هەروەها رێکخستنی ئەو هۆکارانەیە کە ژیانی دەوڵەت دروست دەکەن. بە رای ئەو، چالاکی سیاسی، بریتیە لە رێکخستنی تێکڕای پەیکەری کۆمەڵگا بەهۆی بەڕێوەبەری دەوڵەتەوە. بیری جیاکردنەوەی کۆمەڵی مەدەنی لە دەوڵەت، هەر لێرەوە پێکدێت. لە ئەندێشەی سیاسی ماکیاڤێللی دا ئەم بیرە سەرەتا بەشێوەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی میر (یان دەسەڵاتی کۆماری) لە خەڵك دەردەکەوێ. بەمهۆیەوە، لە بەرهەمەکانی ماکیاڤێللی دا هیچ ئاماژەیەك بە لەناوبردنی پەیکەری کۆمەڵگە بەهۆی دەسەڵاتی "دەوڵەتی توتالیتر"وە ناکرێت.

ئەو دەوڵەت بە دەسەڵاتێك نازانێ کـە هــەموو کۆمــەڵگای مەدەنی هەڵدەلووشێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەردەم لەمــەڕ شێوەی رەفتار لەگەڵ خەڵك، دەوڵەت ئاگادار دەکاتەوە. بـە وتەیەکی تر، بـە رای ئـەو، "بـواری سیاسـەت" بـوارێکی بێسنوور نیە کە دەسەڵات بیەوێ لەودا ئەسپی خۆی لـنگ بدات. بەمهۆیەوە، ماکیـاڤێللی هـەر جـۆرە وێنەیـەك لـە "گـشتێتی ئۆرگانیــك"ی دەولــەت رەت دەکاتــەوە. لــە ئەندێشەی ئـەودا گۆڕەپـانی سیاسـەت فەزایەکـە کـە بـۆ پێکهێنــانی ئــاڵوگۆڕی بــەردەوام لــەبارە. ماکیــاڤێللی بــە بیرکردنـــەوەی دووبـــارە دەربـــارەی سیاســـەت، هـــەر چوارچێوەیەکی تیۆری کە بیەوێ بەردەوامی نەزمی سیاسی ژیانی ئۆرگانەکان تێکبدات، دەباتە ژێر پرسیار. کەوابوو بە رای ئـەو "دەکـرێ شـك و گومـان هـەموو پێکهاتەیـەکی یەکێتیخواز بگرێتەوە".٧٨ ئەمەش بیرێکـی شـێلگیرانەیە کە لەخۆیدا هەڵویستی ماکیاڤێللی لـە نێـوان بیرمەنـدانی گەورەی سیاسیدا روون دەکاتەوە، بەتایبەت بـەو هۆیـە کـە ئەندێشە و روانگەکان هیچ کات بەخۆڕایی مێشك سـەرقاڵ ناکەن، بەڵکو مێشکی مرۆڤ تـەنیا کـاتێ خـۆی بەوانـەوە

خەریك دەكات، كە لە كرداردا دەوریان هەبێت، هەروەها لە كـردار دایـە كـە رۆڵـی هـەقیقی ئەندێـشەكان بـۆ ئێمـە دەردەكەوێت. كەوابوو، ماكیاڤێللی، لە مێژووی ئەندێـشەی سیاسـیدا، پێگەیـەكی تایبـەتی هەیـە. ئەندێـشەی ماكیاڤێللی، نـە سازشـكارە و نـە شۆڕشـگێڕ، بەتایبـەت بەردەنگانی ئەو، نە دیكتاتۆرانن و نە ئاژاوەخوازان. ئەو بـۆ هەموو ئـەو كەسـانە قـسە دەكـات كـە كـەم تـا زۆر بـۆ سیاسـەت تێكۆشـاون، یـان بـەهۆی سیاسـەتەوە دەژیـن. بەمپێیە، لێكدانەوەی ئەندێشەی سیاسی ماكیـاڤێللی، وەك پێوەرێك بۆ دەركی چارەنوسی سیاسی تاكـەكان پێویـستە. كەوابوو ژیانی بـەرەكانی پـاش ماكیـاڤێللی تـازە دەسـتی پێكردووە.